# ڕێکخستن
# لە حزبی سۆسیال دیموکراتدا

نووسینی:

**محەمەد فاتیح**

زنجیرەی هۆشیاریی حزبی / ژمارە / ٥ ی تەمووزی ٢٠٢٦

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ك) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی، لەبەر ڕۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و ڕەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی ڕێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆك مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ك) و شۆڕشی نوێ و ڕۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

## زنجیرەی هۆشیاریی حزبی

زنجیرەیەک نامیلکەی تایبەتە بە هۆشیارکردنەوەی حزبی، بۆردی هۆشیاری سەر بە مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری ناوبەناو دەریدەکات. ئامانج لەم زنجیرەیە بریتییە لە بەشداریکردن لە پرۆسەی پێشخستن و گەشەپێدان و هۆشیارکردنەوەی کادیرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕێگای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە دیدی یەکێتی لە پرسە جۆراوجۆرە فیکری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و هەر بابەتێکی تری پەیوەندیدار بە هۆشیاریی حزبییەوە لەبەر ڕۆشنایی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان .

# ڕێکخستن
# لە حزبی سۆسیال دیموکراتدا

نووسینی:
**محەمەد فاتیح**

-ناوی নامیلکە: ڕێکخستن لە حزبی سۆسیال دیموکراتدا
- نووسینی: محەمەد فاتیح
- دیزاین: ئەمیرە عومەر
- تیراژ: (1000 ) دانە
-ساڵی چاپ: 2026

لە بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

# ڕێکخستن لە حزبی
# سۆسیال دیموکراتدا

# ناوەڕۆک


| ژ. لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١١ | پێشەکی ........................................................................ |
| ١٤ | باسی یەکەم: خەسڵەتەکانی حزبی سۆسیال دیموکرات ............ |
| ١٧ | باسی دووەم: بوارەکانی کاری ڕێکخراوەیی حزبە سۆسیال دیموکراتەکان ........................................................................ |
| ٢١ | باسی سێیەم: چالاکی ڕێکخراوەیی و جەماوەریی سەربە حزبی سۆسیال دیموکرات ........................................................................ |
| ٢٤ | باسی چوارەم : پێکهاتەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی حزبە سۆسیال دیموکراتەکان ........................................................................ |
| ٣٢ | باسی پێنجەم: هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی حزبە سۆسیال دیموکراتەکان ........................................................................ |
| ٣٩ | باسی شەشەم: ڕۆڵی سەرکردایەتی حزب لە درووستکردنی بڕیار .. |
| ٤٢ | باسی حەوتەم: خەسڵەتەکانی بەڕێوەبردن لەناو حزبی سۆسیال دیموکرات ........................................................................ |
| ٤٥ | باسی هەشتەم: شێوازەکانی بڕیار وەرگرتن – حزبی سۆسیال دیموکرات ........................................................................ |
| ٤٩ | باسی نۆیەم: شێوازی کۆبونەوەی ڕێکخراوەکانی خوارەوە ......... |
| ٥٣ | باسی دەیەم: گرنگی ڕۆڵی دەزگای چاودێری و پشکنین لە کاری ڕێکخراوەیی ........................................................................ |
| ٥٧ | باسی یازدەهەم: ئامادەکردن و پێگەیاندنی کادر ...................... |
| ٦١ | باسی دوازدەهەم: ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆ گرتن - حزبی سۆسیال دیموکرات ........................................................................ |
| ٦٥ | باسی سێزدەهەم: مافی ئەندامان و دیسپلینی حزبی .............. |
| ٧١ | باسی چواردەهەم: شێوازو گرنگی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی حزبی سۆسیال دیموکرات ........................................................ |
| ٧٦ | باسی پازدەهەم: قەیران و کەرت بوون لەناو حزبی سۆسیال دیموکرات ........................................................................ |

| | |
|---|---|
| باسی شازدەهەم: دیاردەکانی گەندەڵی لەناو حزبی سۆسیال دیموکرات ...................................................................... | ٨٢ |
| **پاشکۆ** | ٨٧ |
| پەیکەری ڕێکخراوەیی .......................................................... | ٨٩ |
| پەیکەری ڕێکخراوەیی حزبی سۆسیال دیموکراتی سوید ............ | ٩١ |
| پەیکەری ڕێکخراوەیی حزبی سۆسیالستی فەرەنسا ................. | ٩٤ |
| پەیکەری ڕێکخراوەیی حزبی کرێکارانی بەریتانیا ...................... | ٩٧ |
| هزری سۆسیال دیموکرات ..................................................... | ٩٩ |
| ڕێکخراوی سۆسیال ئینتەرناسیونال ....................................... | ١٠٣ |
| دامەزراندنی سۆسیال ئینتەرناسیونال .................................. | ١٠٥ |
| سۆسیال دیموکراسی لە سەردەمی نوێدا ................................ | ١٠٨ |
| **سەرچاوەکان** | ١١١ |

## پێشەکی:

مێژووی حزبە سۆسیال دیموکراتەکان، بەشێکی گرنگ پێکدەهێنێ لە مێژووی پەرەسەندنی هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێ، لەبەر ئەوەی دروستبوونی ئەو حزبانە پەیوەست بوونە بە هەوڵەکانی کۆکردنەوەی نێوان بەهاکانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ ئازادیی سیاسی و دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی.

ئەو حزبانە لە بارودۆخێکی مێژوویی دەرکەوتوون کە بەململانێی چینایەتی و گۆڕانە ئابوورییە گەورەکان ناسرابوون، شان بەشان گەشەکردنی سەرمایەداری پیشەسازی.

دیارە ئامانجە بنچینەییەکانی ئەو حزبانە بەرگریکردنە لە بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار و توێژە پەراوێزخراوەکانی ناو کۆمەڵگە، ئەویش لە ڕێگای کارە دیموکراسییەکان و ڕێکخستنی سیاسی جەماوەری.

توێژینەوە لەبارەی حزبە سۆسیال دیموکراتەکان، تەنها شیکردنەوەی بەرنامە سیاسییەکان و هەڵوێست لە هەڵبژاردنەکان ناگرێتە خۆی بەڵکو پێویست بە تێگەیشتنی قووڵ دەکات بۆ بونیاتی هزریی و ڕێکخراوەیی جەماوەری، هەروەها کاروباری کارگێڕی ئەو حزبانە.

ئەو حزبانە گرنگی ڕۆڵی جەماوەری و ڕێکخراوەییان دەردەکەوێت لە وڵاتانی جیهانی سێیەمیش، ئەو حزبانە وەك هۆکار و ئامراز تەماشا دەکرێن بۆ پێگەیاندن و وروژاندنی چین و تویژە میللییەکان، لە هەمان کاتدا بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانیان. بێگومان کاری جەماوەریی توانا و دەرفەت دەبەخشێتە ئەو حزبانە بۆ بونیاتنانی بنکەی جەماوەریی فراوان، هەروەها گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسی و کارکردن بۆ بەدیهێنانی چاکسازییە دیموکراسییەکان و دادوەریی کۆمەڵایەتی.

حزبە سۆسیال دیموکراتەکان بەدرێژایی مێژوویان بەرەو ڕووی چەندین بەرەنگاری هاتوونە، دیارترینیان سازان بووە لەنێوان بنەما تیۆرییەکان و پێداویستییە واقیعییەکانی کاری سیاسی، هەروەها پارێزگاریکردنی یەکگرتوویی ناوخۆیی حزبەکە لە سێبەری گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە خێراکان، ئەمە و سەرەڕای مامەڵەکردنیان لەگەڵ قەیرانەکانی سەرکردایەتی و دیاردەی بیروکراسییەتی ناوخۆیی حزب، هەروەها پاشەکشەی جەماوەرییان.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو حزبانە توانیویانە کاریگەرییەکی قووڵ لە بونیاتی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بەجێبهێڵن.

ئەم نووسینەی لەبەردەستدایە، لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیەکە بۆ چەند لایەنێکی هزری، ڕێکخراوەیی، چالاکی جەماوەری، شێوازی بەڕێوەبردن و کارگێڕیی ناوخۆیی حزبە سۆسیال

دیموکراتەکان، وەك نموونە خستومانەتە بەرباس.

بێگومان نووسینەکە بێ کەموکورتی نابێت، دەکرێ وەك سەرچاوەیەك سوودی لێ وەربگیرێت، بەڵام خودی بابەتەکە زۆرتر هەڵدەگرێت، دەکرێ دەوڵەمەند بکرێت.

**نووسەر**

# باسی یەکەم
## خەسڵەتەکانی حزبی سۆسیال دیموکرات[1]

حزبی سۆسیال دیموکرات ڕەوتێکی سیاسییە، نێوان دادپەروەری و دیموکراسی لیبڕاڵی کۆدەکاتەوە، ئەو ڕەوتە لە کۆتاییەکانی سەدەی (١٩) و سەرەتاکانی سەدەی (٢٠) سەری هەڵداوەو پەرەی سەندووە، بۆتە بەرچاوترین رەوتە سیاسییەکانی جیهان.

**لە گرنگترین خەسڵەتەکانی ئەو ڕەوتە:**

**یەکەم: بنەما هزرییەکانی** (**ئایدیۆلۆژیا**):

١- دادپەروەری کۆمەڵایەتی، هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی جیاوازییە چینایەتییەکان بەهۆی دابەشکردنی دادپەروەرانەی

---

١- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- سیاسەت و حکومەت لە یەکێتی ئەوروپا، نیل موگنت، وەرگێڕانی: عەلی میهر پەروەر، چاپی/١، هەولێر، ل٣٥١-ل٤٢١؛ سیاسەت و حکومەت لە ئەوروپا، د. ئەحمەد نەقیب زادە، وەرگێرانی عەلی میر پەروەر، چاپی/١، ٢٠٠٧، هەولێر، ل ٥٦-٧١ ؛ الاشتراكية العالمية في بريطانيا، حازم صاغية- پەیجی:

www.britannica.com؛

پارتی سوسیال دیموکراتی سوید، وەرگێرانی لە سویدیەوە، عوسمان حەمە رەشید، مەکتەبی بیرو هۆشیاری، ی.ن.ک، سلێمانی، ٢٠٠٨.

سامان.

٢- دیموکراسی فرەیی، دژایەتی ڕژێمە دیکتاتۆري وگشتگیرییەکان، پابەند بوون بە هەڵبژاردنە ئازادەکان و دامەزراوە دەستورییەکان.

٣- خاوەنداریەتی تێکەڵ، پشتگیری کردنی ئابووریي بازاڕی ئازاد، لەگەڵ دەستێوەردانی دەوڵەت بۆ ڕێکخستن و پارێزگاری کردنی چین و توێژە کەمدەرامەتەکان.

٤- ئازادی، یەکسانی، هاوسەنگی نێوان ئازادی تاک و مافە کۆمەڵایەتییەکان.

٥- هاوکاری، جەخت کردن لەسەر بەهاکانی هاوکاری، بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە ئاست توێژە هەژار و پەراوێز خراوەکان.

**دووەم: سیاسەتی ئابووری:**

١- سەپاندنی باج بەشێوەی هەڵکشان لەسەر داهات و سامان بۆ پەیداکردنی پارەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

٢- وەبەرهێنان لە بوارەکانی: فێربوون، تەندرووستی، نیشتەجێ کردن لەبەر ئەوەی ئەو بوارانە چەند مافێکی بنچینەیی هاولاتی پێک دەهێنن.

٣- پاڵپشتی کردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و بیمەکانی ژیان بۆ پاراستنی هاولاتیان لە حالەتی بێ ئیشی و هەژاری و نەخۆشی.

٤- هاندان و پاڵپشتی کردنی سەندیکاکانی کرێکاران بۆ پاراستنی مافەکانیان.

٥- ڕازی بوون بە ئابووریي بازاڕ، بەڵام ڕێکخستنی بەشێوەیەک

کە ڕێگا لە پاوانکردنی بازاڕ و خراپ بەکارهێنانیان بگرێت.

**سێیەم: سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکان:**

١- یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەزی (نێرو مێ) هەروەها پاراستنی مافی کەمایەتییەکان.

٢- پشتگیری کردنی ئازادییە ئایینی و هزرییەکان.

٣- فراوانکردنی سنوری مافە مەدەنی و کەلتورییەکان.

٤- بایەخدان بە ژینگەو پەرەپێدانی درێژخایەن.

**چوارەم: خەسڵەتە ڕێکخراوەییەکان:**

١- حزبەکانی سوسیال دیموکرات، حزبی جەماوەری فراوانن.

٢- پشت بەستن بە شێوازی دیموکراسییەتی ناوخۆ، وەک هەڵبژاردنی سەرکردایەتیەکان، لەهەموو ئاستەکان.

٣- حزبەکانی سوسیال دیموکرات دەبنە بەشێک لە هاوپەیمانیەتی سیاسی ناو پەرلەمان.

٤- ئەو حزبانەی چەندین لق و باڵی جەماوەری هەیە وەک: ڕێکخراوی لاوان، سەندیکاکانی کرێکاران، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری جۆراوجۆر.

## باسی دووەم

## بوارەکانی کاری ڕێکخراوەیی حزبە سۆسیال دیموکراتەکان[٢]:

حزبە سۆسیال دیموکراتەکان یەک لەو ڕەوتە سیاسییە گرنگانەیە کە ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە لە پێکهێنانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە چەندین وڵاتی جیهاندا، بەتایبەتی لە کیشوەری ئەوروپا.

ئەو حزبانە خاوەن توانایەکی بەرزن لەکاری ڕێکخراوەیی، پشت بە چەند بنەمایەک دەبەستن، وەک: بەشداری کردنی میللی، دیموکراسییەتی ناوخۆ، کاری سەندیکایی و جەماوەری.

کاری ڕێکخراوەیی ئەو حزبانە بەم شێوەیەی خوارەوە بەڕێوە دەچێت:

---

٢- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- پڕەنسیپی گروپەکانی کار لە حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا، وەرگێڕانی: جەمیلە شێخ مەحمود، ج/٣، ٢٠٢٢، مەکتەبی بیرو هۆشیاری- سلێمانی ؛ پارتی سۆسیالستی فەڕەنسا، بەرزان فەرەج، مەکتەبی بیرو هۆشیاری، سلێمانی- ٢٠١٢، ل٩٣-١٠٩ ؛ من الثورة إلى التحالف (الاحزاب اليسارية في أوروبا) بيرغيت و آخرون، ترجمة: عباب مراد، الهام عبداروس، مؤسسة روز لكسمبورغ، مكتب شمال افريقيا، ط/١، ٢٠١٤، ص١٧٨، ٢٠٠-٢٠٤؛ پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید، عوسمان حەمە ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

**یەکەم: پێکهاتەی ناوخۆیی و ڕێکخستنی حزبی:**

١- کۆنگرەی حزب، ئەو کۆنگرانە لەماوەی دیاریکراوی خۆی دەبەسترێن بۆ دانانی سیاسەتی گشتی حزب و پێداچوونەوە بە پلان و بەرنامەکانی، هەروەها هەڵبژاردنی سەرکردایەتی.

٢- سەرکردایەتی بەکۆمەڵ، ئەو سەرکردایەتییە لە چەند ئەنجومەنێک پێکهاتووە، ئەوانیش: مەکتەبی سیاسی، کۆمیتەی ناوەندی، ئەو ئەنجومەنانە بڕیارەکانیان بەدەستە جەمعی وەردەگیرێن.

٣- ئەندامیەتی حزب: ئەندامیەتی بۆ حزب دەرگا کراوەیە، لە توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە وەردەگیرێن، بەڵام زیاتر بایەخ بە چینی کرێکار و چین و توێژەکانی ناوەڕاستی کۆمەڵگە دەدرێت.

٤- ئاشکرایی و ڕوونی دیسپلینی حزب، ئەم پرەنسیپە پشت بە هەڵبژاردنی ئاشکراو ڕوون دەبەستێت، لێپرسینەوەی ناوخۆیی حزب لە سەرکردایەتییەکان.

**دووەم: کاری سەندیکایی و پیشەیی:**

١- پەیوەست بوون بە سەندیکاکانی کرێکاران، سەندیکاکانی بنکەی جەماوەری بنچینەیی بۆ حزب پێکدەهێنن.

٢- بەرگریکردن لە مافەکانی کرێکاران، ئەویش لە میانەی دانوستانی بەکۆمەڵ لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار و کارکردن بۆ دەرچوونی ئەو یاسایانەی لە بەرژەوەندی چینی کرێکار

دەبێت.

٣- بەشداری کردن لە ئەنجومەنە پیشەییەکان، وەک: سەندیکاکانی مامۆستایان، پزیشکان، ئەندازیاران، کۆمەڵە و ڕێکخراوە پیشەییەکانی دیکە.

**سێیەم: کار و چالاکییەکانی لاوان و خوێندکاران:**

١- ڕێکخراوەکانی لاوان، دامەزراندنی چەندین (ڕێکخراو) بۆ لاوان کە بەستراونەتەوە بە حزب.

٢- ڕۆشنبیرکردنی سیاسی، سازدانی چەندین خول و کۆڕی تایبەت بە هۆشیارکردنەوەی لاوان لەلایەن حزبەوە، بابەتەکانی وەک دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ.

٣- چالاکی ڕۆشنبیری و وەرزشی جۆراو جۆر.

**چوارەم: کاری جەماوەری و کۆمەڵایەتی:**

١- پەیوەندیکردنی بەردەوام لەگەڵ ڕێکخراو و بنکە جەماوەرییەکانی وەك: هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکان.

٢- چالاکییە خۆبەخشییەکان و خزمەتگوزارییەکانی وەك: تەندروستی، فێربوون، لەگەڵ چەندین بواری کۆمەڵایەتی دیکە.

٣- بایەخدان بە کێشەکانی ژن ئەویش بەهۆی ڕێکخستنی هەڵمەتەکانی ڕۆشنبیری و شارەزابوون و تێگەیشتن لە بوارە خزمەتگوزارییەکان.

**پێنجەم: کاری پەرلەمانی و سیاسی:**

١- بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان، ئەگەر خۆجێیی بێت یان نیشتمانی.

٢- دارشتنی سیاسەتە گشتییەکان لە بوارەکانی: دادپەروەری کۆمەڵایەتی، باجدان، ژینگە، تەندرووستی و فێربوون.

٣- هاوپەیمانیەتییە سیاسییەکان، لەگەڵ هێزە سیاسییە دۆست و هاوبیرەکان.

## باسی سێیەم
## چالاکیە ڕێکخراوەیی و جەماوەریی سەر بە حزبی سۆسیال دیموکرات
## لاوان- ڕۆشنبیری- سەندیکاکان[٣]:

**یەکەم: چالاکیەکانی لاوان، کە ئەم بوارانە دەگرێتەوە:**

١- ڕێکخستنی چەند ڕێکخراوێکی لاوان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە حزبەوە هەبێت، ئامانجیشیان بەشداریکردنی لاوانە لە کار و چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.

٢- دانانی بەرنامەکانی ڕاهێنان و پێگەیاندن، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لاوان دەربارەی بەها دیموکراسییەکان و

٣- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:
- آليات تفعيل الشباب في المشاركة السياسية (بحث) آية عبدالله أحمد، المركز الديمقراطي العربي- حزيران/٢٠١٤، پەیجی
https//: democraticece.de؛
مجلة البحوث الفقهية والقانونية، العدد/٤٥، نيسان/٢٠٢٤، دور الدولة والاحزاب في التنشئة والثقافة السياسية، د. أحمد ابراهيم أحمد، پەیجی:
https//jlr.journals.ekl.eg؛
مباديء وممارسات الاحزاب السياسية في مجال اشتراك الشباب، المعهد الديمقراطي العربي، (NPL) راين كينان وآخرونن پەیجی:
https//: agora-parl.ag؛
پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید سەرچاوەی پێشوون ل٦٨، من الثورة إلى التحالف، الاحزاب اليسارية في اوروبا، مصدر سابق، ص١٣١پارتی سۆسیالستی فەڕەنسا، بەرزان فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧.

مافەکانی مرۆڤ و شێوازەکانی کارکردن.

٣- هاندانی لاوان بۆ بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنە گشتییەکان و کاری خۆبەخشانە.

٤- گرنگیدان بە چالاکییە وەرزشی و هونەرییەکان، وەک ئامرازێک بۆ خولقاندنی ژینگەیەکی لەبارو هاوکاری نێوان نەوەکان.

٥- پشتگیری و دەرفەت پێدان بە لاوان لە بواری فێربوون و خوێندن، هەروەها بەشداریکردنیان لە خوێندنی زانکۆ و پەیمانگاکان.

**دووەم: چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان**

١- ئەنجامدانی کۆڕ و کۆبوونەوەو کۆنگرەی فراوان، دەربارەی چەند بابەتێکی هزری و ڕۆشنبیری و بەها کۆمەڵایەتییەکان.

٢- دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار و پەیجە ئەلیکترۆنییەکان، بۆ بڵاوکردنەوەی هزری سۆسیالستی و دیموکراسی.

٣- سازکردنی ئاهەنگ و ڤیستڤاڵی تایبەت بە چالاکییە ڕۆشنبیری و هونەرییەکان.

٤- وۆرک شۆپ و سیمینار بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ژیانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ.

٥- بەرنامەی ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری لەگەڵ حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە لە وڵاتانی جیهان.

**سێیەم: چالاکییە سەندیکاییەکان، ئەم بوارانە دەگرێتەوە:**

١- پاڵپشتی سەندیکاکانی کرێکاران و پیشەییە جۆراوجۆرەکان هەروەها بەرگریکردن لە مافەکانی کرێکاران.

٢- بەشداریکردن لە دانوستان و گفتوگۆ بەکۆمەڵەکان لە پێناو چاککردنی دۆخی کرێکاران و چاککردنی کرێ و مووچەکانیان.

٣- پشتگیری یاسایی و سەندیکایی بۆکرێکاران لە کێشەکانیان.

٤- ڕێکخستنی وۆرک شۆپ و خولی ڕۆشنبیری دەربارەی ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بە کاروباری سەندیکا و کرێکاران هەیە.

٥- پێکهێنانی هاوپەیمانییەتی لە نێوان سەندیکاو حزب و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەی کرێکاری.

# باسی چوارەم

## پێکهاتەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی حزبە سۆسیال دیموکراتەکان[٤]

حزبە سۆسیال دیموکراتەکان لە ئەوروپا لەماوەی سەدەی نۆزدەهەم پێکهاتوون، ئەوانە ڕەنگداوەیەکی سیاسی بوون بۆ بزووتنەوەی کرێکاری نوێ، لە ڕووی مێژووییەوەش پەیوەست بوون بە سەندیکای کرێکاری و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، ئامانجەکانیانیش باشترکردنی مەرجەکانی کارکردن و بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بوو.

بەڵام ئەو حزبانە وەك حزبی کرێکاری پەتی و سەربەست نەمانەوە، بەڵکو پێکهاتەی چینایەتی و کۆمەڵایەتییان پەرەیسەند لەگەڵ پەرەسەندنی سەرمایەداری نوێ و فراوابوونی

٤- موسوعة السياسة، جزء١، اشراف. د. عبدالوهاب الكيالى، ط٤، ١٩٩٩، بيروت، ص١٩٨؛ موسوعة عالم السياسة، جزء١٦، اسعد مفرح، دار نربلس، بيروت، ط٢، ٢٠١١، ص٥٠- ٨٠ -٩٢- ١٠٦--١٢٠؛ ڕێبازی سێیەم، ئەنتونی گیدنز، وەرگێڕانی: جەنگیز شکاک، هەولێر، ٢٠٢٢، ل١٢- ٢٠؛ أثر البنى والتكوينات الاجتماعيه على الاحزاب السياسية، دراسة نظرية، زيد فهيم، د. محمد جمال حديثة، الجامعه الاردنيهة، مجلة الزرقاء، البحوث والدراسات الأنسانية، المجلد٢٥، العدد ٣، ٢٠٢٥، ص٦٣٤؛ الموسوعة البريطانية المحدودة، الأشتراكية الديمقراطية، التعريف الشرح الامثلة (بحث):
WWW.NRI TANNNOCA.COM

چینی ناوەڕاست، بۆیە حزبە سۆسیال دیموکراتەکان وردە وردە گۆڕان و بوون بە حزبی جەماوەریی فرە بنکەی کۆمەڵایەتی.

تێگەیشتنی پێکهاتەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی ئەو حزبانە بەپێویست دەزانرێت، ئەویش بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی سیاسەت و بەرنامە و گۆڕانە هزریی و ڕێکخراوەییەکانیان بەتایبەتیش لە سێبەری گۆڕانە ئابوورییە جیهانییەکان و هەڵکشانی دیاردەی لیبرالیزمی نوێ (Neo Liberalism) و جیهانیبوون.

**یەکەم: چەمکی پێکهاتەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی حزبەکانی سۆسیال دیموکرات:**

- مەبەست لەچەمکی پێکهاتەی چینایەتی و کۆمەڵایەتیی حزبی سیاسی، جۆری ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتیانەی بنچینەی بنکە و ئۆرگانەکانی پێکدەهێنن لەچەند روویيکەوە، وەك:

❋ئەندامییەتی لە حزب و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی.

❋ئەو چین و لایەنانەی لە هەڵبژاردنەکانی پشتگیری دەکەن.

❋هاوپەیمان و لایەنگرانی ناو کۆمەڵگە و هەروەها ئەوانی سوود لە سیاسەتەکانی حزب و وەردەگرن.

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی حزب دەردەخات، هەروەها ڕادەی پەیوەندیی حزب بە چینێك یان توێژێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو.

## دووەم: ڕەگ و ڕیشە چینایەتییەکانی حزبە سۆسیال دیموکراتەکان:

### أ-پەیوەندییە مێژووییەکەی بە چینی کریکار:

حزبە سۆسیال دیموکراتەکانی لە سیبەری شۆڕشی پیشەسازیی ئەورپا دەرکەوتوون، لەو سەردەمەی کرێکاران بەرەو ڕووی چەوساندنەوەی سەرمایەداری دەبوون، سەرەڕای چەندین ڕەفتار و مامەڵەی دیکەی وەك: کەمی کرێی ڕۆژانە و نەبوونی هەر جۆرە دەستەبەرێکی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ کارکردن بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر.

بۆیە ئەو حزبانە لەبنچینەدا پێکهاتوون لەچین و توێژەکانی وەك: کرێکاران لە کەرتی پیشەسازییە جیاوازەکان، هەروەها نوێنەرانی سەندیکاکان و کرێکارە شارەزاکانی بوارە جیاوازەکانی دیکە.

لەڕاستیدا سەندیکاکانی کرێکاران، بڕبڕەی پشتی ڕێکخراوەیی و دارایی ئەو حزبانە بوون، هەروەك لە ئەزموونی حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەلمانیا و حزبی کرێکارانی بەریتانیا دەردەکەوت.

### ب- ڕۆڵی ڕۆشنبیران و بورژوازی بچووک:

بزووتنەوەی سۆسیال دیموکرات، بزووتنەوەیەکی کرێکاری پەتی نەبووە، بەڵکو لە پێکهێنانی چەندین توێژی دیکەی ناو کۆمەڵگە بەشدارییان کردووە، وەك:

ڕۆشنبیرە چەپەکان، ڕۆژنامەوان، مامۆستا و فەرمانبەران، سەرەڕای چەندین توێژی دیکەی بورژوازییە بچووکەکان.

ئەوانە هەموویان ڕۆڵی گرنگییان گێڕاوە له بواره هزریی و ڕێکخراوەیی و ڕاگەیاندنە جیاوازەکانی ئەو حزبانە.

**سێیەم: گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان لە پێکهاتەی سۆسیال دیموکرات.**

**أ- لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەدواوە، ڕۆڵی حزبە سۆسیال دیموکراتەکان وردە وردە ڕووی لەپاشەکشە کردووە، ئەو دیاردەیەش چەندین هۆکاری جیاوازی هەبووە، وەک:**

- گۆڕان لە پێکهاتەی چینایەتی، واتە پاشەکشەی قەبارەی چینایەتی کرێکارانی پیشەسازییە نەریتییەکان، کە بنچینەی بنکەی کۆمەڵایەتی ئەو حزبانە بوون، لە بەرامبەر گەشەکردنی کەرتەکانی خزمەتگوزاری و ڕۆڵی چینەکانی ناوەڕاست.

- پیادەکردنی سیاسەتی لیبرالیزمی نوێ، هەروەها شێوازی بەتایبەتیکردن (Privati Zabcon) ئەو سیاسەتەش بووە هۆی لاوازکردنی شوناسی کۆمەڵایەتی ئەو حزبانە.

- دیاردەی جیهانیبوون و لاوازبوونی ڕۆڵی دەوڵەتی ناسیونالستی.

- هەڵکشانی ڕۆڵی دیاردەی - پۆپۆلیزمی- و ناسیونالیزمی ڕاسترەو، کە توێژێکی فراوانی کرێکار و توێژە زەرەرمەندەکانی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە.

- قەیرانە ناوخۆییەکان و گەشەکردنی دیاردەی بیروکراسییەت لەناو حزب.

- پاشەکشەی ڕۆڵی بزووتنەوەی سەندیکایی.

- دارمانی بەرەی سۆسیالیزمی جیهانی و هەڵکشانی سەرمایەداری و عەولەمە.

**ب- دیاردەکانی پاشەکشەی سۆسیال دیموکرات:**

١- لاوازی و پاشەکشەی پێگە نەریتییەکەی چینی کرێکار: لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە، کۆمەڵگە پیشەسازییەکان بەرەو ڕووی چەندین گۆڕانی گەورە هاتوون، کە بوونەتە هۆی دابەزینی کێشی ڕێژەیی کرێکارانی پیشەسازی لەناو حزبە سوسیال دیموکراتەکان، لە دیاردەکانی ئەو دۆخە:

پاشەکشەی پیشەسازی قورس، گەشەکردنی کەرتی خزمەتگوزاری، پەرەسندنی تەکنۆلۆژیای نوێ، هەڵکشانی ئابووریی ژمارەیی.

٢- هەڵکشانی ڕۆڵی چینە نوێییەکانی ناوەڕاست، وەك فەرمانبەران، پیشەییەکان، مامۆستایانی زانکۆ، کارمەندانی کەرتی گشتی، ژنان خوێندکاران، ئەو دۆخە بووە بەهۆی ئەوەی حزبە سۆسیال دیموکراتەکان ببنە حزبی چاکسازی کۆمەڵایەتی بنکە فراوان.

٣- فراوانبوونی بنکەی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا

حزبە سۆسیال دیموکراتەکان، هەوڵیانداوە کە چەندین توێژی کۆمەڵایەتی نوێ ڕابکێشنە ناو ڕێکخستنەکانیان لە ڕێگای چەندین شێوازی خزمەتگوزارییەوە .

**چوارەم: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ناوخۆیی حزبی سۆسیال دیموکرات:**

**أ–کرێکار و سەندیکاکان:**

تا ئێستا سەندیکای کرێکاران کۆڵەکەیەکی گرنگ پێکدەهێنن بۆ ژمارەیەکی زۆری ئەو حزبانە، سەرەڕای پاشەکشەی دەستڕۆییان بەشێوەیەکی ڕێژەیی، ڕۆڵی سەندیکاکان خۆیان دەنوێنن لە: بەدەستهێنانی یارمەتی و هاوکاری دارایی، کۆکردنەوەی جەماوەر، کارتێکردن لە سیاسەتی ئابووری، نوێنەرایەتی کردنی کرێکاران.

**ب– ڕۆڵی بیرۆکراسیەتی ناوخۆیی حزب:**

لەگەڵ گۆڕان و پەرەسەندنەکانی ئەو حزبانە، هەروەها فراوانبوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییان، چەندین دامەزراوە و ڕێکخراوی پیشەیی لە بواری ڕێکخستن، کاروباری دارایی و کارگێڕی لەناویان دەرکەوتووە، کە ژمارەیەك کەسانی شارەزا دەگرێتە خۆی، وەك: سیاسەتمەداران ڕاوێژکاران، فەرمانبەرانی کارگێڕی، کارمەندانی ڕاگەیاندن ئەو حاڵەتەش هەندێ جار بۆتە هۆی فراوانبوونی کەلێنی نێوان سەرکردایەتی حزب و ئۆرگان و بنکە جەماوەرییەکان.

**د– بژاردەی هزری:**

ئەو بژاردەیە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ژیانی ناوخۆیی حزب، لە هەندێ بواردا، وەك: داڕشتنی بەرنامە و پلانەکان، گۆڕینی گوتاری سیاسی حزب، بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکان،

دەرخستنی دیدو بۆچوونیان لە ئاست کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان.

ئەو ڕۆڵە هەندێ جار دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی حزب لە کێشە و ئێشو ئازار و پێداویستییەکانی چین و توێژە میللیە نەریتییەکان.

**پێنجەم: پێکهاتەی چینایەتی حزبی سۆسیال دیموکرات لەجیهانی سێیەم:**

**أ–لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، پێکهاتەی حزبە سۆسیال دیموکراتەکان جیاواز دەبن بە بەراورد لەگەڵ حزبە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا و وڵاتە پێشکەوتووە پیشەسازییەکان، هۆیەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ:**

– لاوازی ئاستی پیشەسازی لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، هەروەها سنووردارییی چینی کرێکارە پیشەسازییەکان، سەرەڕای نوشستی هێنانی سەندیکا کرێکارییەکان.

– زاڵبوونی ئابووریی کشتوکاڵ و دەسکەوتی دارایی جۆراو جۆر.

– زاڵبوونی بونیاتە نەریتییەکان و دیاردەکانی تائیفی و هۆزایەتی.

– حزبە سۆسیال دیموکراتەکانی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بە زۆری پشت بە چەند توێژێکی کۆمەڵایەتی دەبەستن، وەك:

*ڕۆشنبیران لەگەڵ جیاوازی ئاست و پیشە و

پسپۆڕییان.

❋فەرمانبەرە مەدەنییەکانی دەوڵەت لە دامەزراوە جیاوازەکاندا.

❋ چەند توێژێکی کرێکاری و پیشەیی.

**ب– حزبە سۆسیال دیموکراتەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بەرەو ڕووی چەندین دۆخی دژوار بوونەتەوە بۆ بونیاتنانی بنکەیەکی کۆمەلایەتی جێگیر و بەهێز، ئەویش بەهۆی:**

❋لاوازی کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی لە وڵاتانە.

❋ستەم و زۆرداری سیاسی و نوشستی حوکمڕانی.

❋ دابەشبوون و ململانێی کۆمەڵایەتی و نەریتە دواکەوتووەکان.

❋ دەستڕۆیی ئایینی و تائیفی و هۆزایەتی.

## باسی پێنجەم
## هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی حزبە سۆسیال دیموکراتەکان[٥]:

**یەکەم: هەڵبژاردنی ناوخۆیی حزبە سۆسیال دیموکراتەکان بەشێوەیەکی گشتی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەنجام دەدرێت لە هەر حزبێک، کە بنەما و ڕێساکانی دیاری کراون، پڕۆسەکە بەچەند قۆناغێک تێپەڕدەبێت:**

**١- چوارچێوە یاساییەکەی پەیڕەوی ناوخۆیی حزب:**

هەموو حزبێکی سۆسیال دیموکرات سیستمێکی بنچینەیی یان دەستورێکی حزبی هەیە، لەو سیستمە شێوازەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنە سەرکردایەتیەکانی وەک: کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسی، دیاری کردووە.

---

٥- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- أشكال الادارة الانتخابية، دليل المؤسسات الدولية للديمقراطية والانتخابات، تأليف: الان ول وآخرون، ترجمة أيمن أيوب، رام الله ٢٠٠٦، ص٨٨-١٣٨؛ الاحزاب السياسية والمرشحون، شبكة المعرفة الانتخابية، ace پەیجی:

https//aceproject.org؛

پارتی سۆسیالستی فەرەنسا، بەرزان فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، تەماشای پەیڕەوی ناوخۆ بکە بەندەکانی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئۆرگان و کۆنگرەکان؛ پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە عەبدولموئمین دەشتی، تەماشای بەشی هەڵبژاردن بکە، لە پەیڕەوی ناوخۆی حزب.

ئەو سیستمە فرەیی ناوخۆیی دەستەبەر دەکاتن ماف دەداتە ئەندامانی بۆ خۆ پالآوتن لە هەڵبژاردنەکان.

**٢- بانگەواز بۆ کۆنگرەی گشتی حزب:**

سەرکردایەتی هەر حزبێک کاتی کۆنگرەی گشتی حزب ڕادەگەیەنێت، هەروەها خشتەی کارەکانی کۆنگرە دەخرێتەڕوو، کە لە هەموویان گرنگتر هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکی نوێیە.

**٣- پالآوتن:**

دەرگای خۆپالآوتن بۆ ئەندامییەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، سکرتێری گشتی دەکرێتەوە، ئەو خۆپالآوتنە دەکرێ بەیەک لەم ڕێگایانەوە بێتەدی:

أ- خۆ پالآوتنی ڕاستەوخۆ لەلایەن خودی کەسەکە.

ب- لە ڕێگای پشتگیرییەوە لەلایەن ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆنگرە.

جـ- لە ڕێگای لیژنەیەکی خۆ پالآوتنی حزبەوە.

٤- هەڵمەتە ناوخۆییەکانی هەڵبژاردن:

سەرەتا پاڵێوراوان بەرنامە و دید و بۆچوونیان دەربارەی کاروباری حزب و کێشەکانی ئایندەی، بۆ ئەندامانی حزب ڕووندەکەنەوە، پاشان چەند چاوپێکەوتن و گفتوگۆیەکی ناوخۆیی بەڕێوەدەچێت، بۆ خستنەڕووی بیروباوەڕ و بۆچوونەکان.

**٥- دەنگدان:**

دەنگدان لەو پڕۆسەیە بەچەند ڕێگایەکەوە دەبێت

أ- دەنگدان بە نهێنی، بەکارهێنانی فۆڕمی تایبەت بە دەنگدان.

ب- دەنگدان بەهۆی ئامێری ئەلیکترۆنی (لەناو هەندێ حزب).

جـ- دەنگدان بە ڕێگای هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لەلایەن هەموو ئەندامانی حزب.

د- یان ئامادەبووانی کۆنگرەی حزب، ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزب هەڵدەبژێرن.

**٦- جیاکردنەوەی دەنگەکان و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان:**

هەڵبژاردنەکە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتی سەربەخۆوە سەرپەرشتی دەکرێت، دەنگەکان لێک جودا دەکرێنەوە، پاشان ئەو لیژنەیە بە شێوەیەکی ڕەسمی و ڕوون ئەنجامەکان بڵاو دەکاتەوە.

**٧- تانە لێدان:**

❋ لەبارێکدا ئەگەر سکاڵایەک هەبوو لەسەر چۆنیەتی هەڵبژاردن و دەنگدانەکە و یەکلاکردنەوەی، یان هەر بابەتێکی دیکە کە گومانی لەسەر پەیدابوو، ئەوا سکاڵا بەرز دەکرێتەوە، لەلایەن لێژنەیەکی تایبەت بەپێی ڕێنماییەکانی پرۆسەی

هەڵبژاردن لێکۆڵینەوەی لێدەکرێت و دوا بڕیاری لەسەر دەدرێت.

* پاشان یەکلاکردنەوەی هەڵبژاردنی سەرکردایەتی نوێی حزب ڕادەگیرێت بەشێوەیەکی ڕەسمی.

**دووەم: هەڵبژاردنی ئەنجومەن و ئۆرگانەکانی خوارەوەی حزب:**

١- لقە خۆجێییەکان: لەسەر ئاستی شار، قەزا، گەڕەک.

٢- ڕێکخراوە پیشەییەکان: ڕێکخراوی لاوان ڕێکخراوی ژنان، سەندیکاکانی سەر بە حزب.

٣- ئۆرگانەکانی حزب لەسەر ئاستی ناوەڕاست ئەنجومەنی لق، یان ئەو ناوچانەی لقەکان بە ناوەند دەبەستێتەوە.

بەپێی پەیرەوی ناوخۆی حزب، هەڵبژاردن لەو شوێنانەی سەرەوە بەشێوەیەکی خولی ئەنجام دەدرێت، بەچەند شێوازێک کە ماوەی نێوان هەڵبژاردنەکان لە پەیڕەوی ناوخۆ دیاری کراوە و بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی ئەندامانی لق یان ئەنجومەنی بنکەکان.

ب- هەڵبژاردن بۆ نوێنەرایەتی، واتە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان لە ئاستەکانی خوارەوە دەبنە نوێنەر بۆ کۆنگرە باڵاکان (کۆنگرەی ناوچە،کۆنگرەی هەرێم،کۆنگرەی نیشتمانی).

جـ- دەستاودەست کردنی دیموکراسیانەی دەسەڵات: لە میانەی کۆنگرەکان، (بە هەموو ئاستەکان) بەرنامەکان، یان لیستەکانی هەڵبژاردن دەخرێنەڕوو، پاش گفتوگۆیەکی دیموکراسیانە لەسەر

ناوەڕۆکی بەرنامەکان، یان لیستەکان، پرۆسەیەکی ڕکابەری دیموکراسی لە نێوان ئەندامان ئەنجام دەدرێت.

بیرۆکەکە بریتییە لەوەی: دیموکراسی ناوخۆیی حزب پێویستە ڕەگ و ڕیشەی لە بنکەوە بەرەو لوتکە دابڕێژرێتن بۆیە لقە بچووکەکانی حزبیش وەک دەزگا بالاّکان (مەکتەبی سیاسی، ئەنجومەنی سەرکردایەتی) هەڵبژاردنیان بۆ جێبەجێ بکرێت.

**سێیەم: گرنگی پرۆسەی هەڵبژاردن لەسەر ژیانی حزب:**

١- بەهێزکردنی پڕۆسەی دیموکراسی ناوخۆیی حزب.

٢- نوێکردنەوەی سەرکردایەتی و بەشداریکردنی خوێن و بیری نوێ.

٣- بەهێزکردنی شەرعیەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزب.

٤- بەرزبوونەوەی ئاستی دیسپلینی حزبایەتی و متمانەی ناوخۆ.

٥- چاککردنی وێنە و پێگەی حزب لەبەردەم ڕای گشتی.

٦- ئامادەکردن و پێگەیاندنی کادری سیاسی و لێهاتوو.

چوارەم: چەند نموونەیەکی سازدانی کۆنگرەی حزبەکانی سۆسیال دیموکرات:

**أ- حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا** SPD :

١- بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی حزب، دوو ساڵ جارێک کۆنگرە دەبەسترێت، نوێنەرانی هەموو لق و ئۆرگانەکانی بەڕێگای هەڵبژاردنیان بەشداری تیادا دەکەن.

٢- هەر لە میانەی کۆنگرەوە سەرۆکی حزب و یاریدەدەرەکانی

هەروەها ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی حزب بە دەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێرێن.

٣- بۆ خۆ پاڵاوتن بۆ هەر پلە و پایەیەک، ڕێگا دەدرێت کە زیاتر لە کەسێک خۆی کاندید بکات، لە نێوانیان ڕکابەری و مشتومڕی سیاسی و هزری لەبەردەم ئەندامانی کۆنگرە ڕوودەدات.

**ب– حزبی کرێکارانی بەریتانیا Labour party :**

١- لێرەدا پشت دەبەسترێت بە سیستمی (هەر ئەندامێک یەک دەنگی دەبێت) لەکاتی هەڵبژاردنی ڕابەر و جێگرەکەی.

٢- هەموو ئەندامانی حزب بەشداری لە هەلبژاردنەکان دەکەن بەهۆی دەنگدانی ئەلیکترۆنییەوە.

٣- پێش پرۆسەی دەنگدان گفتوگۆ لە نێوان پاڵێوراوان (بۆ پلەو پایەی باڵا) ڕوو دەدات لە ڕێگای هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە.

**جـ– حزبی سۆسیالستی فەڕەنسا Parti socialiste:**

١- لەسەرەتای کۆنگرە لە هەڵبژاردنێکی ناوخۆیی، پاڵێوراوی سەرۆکایەتی دەوڵەت یان ڕابەری حزب هەڵدەبژێرێت.

٢- ڕێگا دەدرێت بە لایەنگرانی حزبیش ئەوانەی پلەی ئەندامیان وەرنەگرتووە لە هەندێ هەڵبژاردندا بەشداری بکەن، ئەویش بەمەبەستی فراوانکردنی بەشداریی جەماوەر.

**د– حزبی کرێکارانی دیموکراتی کۆمەڵایەتی سوید : SAP**

١- هەڵبژاردنەکان لەسەروبەندی کۆنگرەکانی حزب ئەنجام

دەدرێن ئەویش لەسەر ئاستی هەرێمەکان و ئاستی نیشتمانی.

٢- سەرکردەکان بەهۆی دەنگدانی ئەو نوێنەرانەوە هەڵدەبژێردرێن، کە نوێنەرانی ئەندامانی بنکە و ئۆرگانەکانی خوارەوەی حزب دەکەن.

## باسی شەشەم
## ڕۆڵی سەرکردایەتی حزب لە درووستکردنی بڕیار[٦]:

لەناو حزبەکانی سۆسیال دیموکرات، سەرکردایەتی حزب ڕۆڵێکی جەوهەری دەگێڕێت لە درووستکردنی بڕیار، ئەویش لە میانەی چەند شێواز و دۆخێکی دیاریکراودا، کە نێوان ناوەندێتی لە ئاراستەکردن و دیموکراسی لە بەشداری کردن دەگرێتە خۆی.

**بەکورتی دەکرێ ئەو ڕۆلە بەچەند خاڵێک بخەینە ڕوو:**

**١- دانانی ئاراستە و ڕێنماییە گشتییەکان:**

سەرکردایەتی حزب (کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسی) هێلە گشییەکانی حزب دیاری دەکەن، هەروەها بەرنامە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی، هەڵوێست لە کێشەی نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان دادەڕێژێت، بەو شێوەیەی گونجاو و لەبار بێت لەگەڵ بنەماکانی هزری سۆسیالستی دیموکراسی، وەک:

---

٦- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- پرەنسیپی گروپەکانی کار، جەمیلە شێخ مەحمود، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢ ؛ الاحزاب السياسية، موريس ديفرجيه، ترجمة علي مقلد، سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٨-١٥٧-١٧٨ ؛ پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا، وەرگێڕانی عەبدولموئمین دەشتی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢-ل٥٧ ؛ من الثورة الى تحالف الاحزاب اليسارية في اوروبا، سەرچاوەی پێشوو، ص٥١٨-ص٢١٩.

دادپەروەری کۆمەڵایەتی، یەکسانی، دیموکراسی نوێنەرایەتی.

**٢- ڕێکخستنی لە باری نێوان ئاستە ڕێکخراوەییەکان:**

سەرکردایەتی حزب کاردەکات وەک ئامرازێکی پەیوەندی لە نێوان بنکە و ڕێکخستنەکانی خوارەوەی حزب: ئەندامان، لق و لیژنە خۆجێییەکان)، لەگەڵ ئەنجومەنە باڵاکانی حزب، ئەرکی وەرگێڕانی داواکاری و پێشنیاری بنکە و ئۆرگانەکان بۆ چەند بڕیارێکی کردەیی لە ئەستۆ دەگرێت، لە هەمان کاتدا پێگەیاندن و ئاگاداکردنەوەی ئەو بنکە و ئۆرگانانە بە بڕیارە ستراتیژییەکانی حزب.

**٣- دەستەبەرکردنی دیموکراسییەتی ناوخۆیی:**

سەرکردایەتی حزب سەرپەرشتی شێوازەکانی گفتوگۆی ئازادانەی ناوخۆیی حزب دەکات، بە ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆ گرتنەوەش، هەروەها ڕێگا بە ئەندامان دەدات کە بەشداری لە بڕیار وەرگرتن بکەن، ئەگەر لەناو کۆنگرەکان بێت، یاخود بەهۆی ڕاپرسییە ناوخۆییەکانەوە بێت.

**٤- بەڕێوەبردنی پرۆسەی بڕیاردان:**

سەرکردایەتی حزب زانیارییەکان کۆدەکاتەوە، لێکۆڵێنەوە و شیکردنەوەی هەڵوێستەکانی دەخاتەڕوو، پێش ئەوەی بڕیارەکان دەربچن، بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگدانی ئەندامانی ئەنجومەنی

سەرکردایەتی دەردەچێت، لەگەڵ ڕێزگرتن لە بیروڕای کەمایەتی.

**٥- چاودێری و هەڵسەنگاندن:**

لەسەر ئاستی ئۆرگانەکانی خوارووتری حزبیش بڕیارەکان بەهەمان شێواز دەردەچن، پێداچوونەوەی بەردەوامیش لە بارەیان ئەنجام دەدرێت، ئەویش بەهۆی ڕەخنەوە ڕەخنە لەخۆگرتن بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و مسۆگەرکردنی کاریگەری بڕیارەکان.

**٦- نوێنەرایەتی کردنی حزب لەسەر ئاستی دەرەوە:**

سەرکردایەتی حزب بەرپرسە لەئاست دانوستانەوە لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکە، هەروەها لە نوێنەرایەتیکردنی ناو پەرلەمان و حکومەت، ئەویش لە بارێکدا ئەگەر حزب بەشداری هەبوو لەو دوو دامەزراوەیە، دیارە ئەوەش دەبێتە هۆی یەکگرتوویی حزب و ڕێکوپێکی لە بەردەم ڕای گشتی، هەروەها متمانەی دەنگدەرانی بەهێزتر دەکات.

# باسی حەوتەم
# خەسڵەتەکانی بەڕێوەبردن لەناو حزبی سۆسیال دیموکرات[٧]:

**یەکەم: خەسڵەتە ڕێکخراوەییەکان:**

١- دیموکراسی ناوخۆیی: پشت بەستن بە بنەمای هەڵبژاردن و دەنگدانی ئازاد بۆ هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکان و پرۆسەی دەرکردنی بڕیارەکان، ڕێگا پێدان بەهەموو ئەندامان بۆ بەشداری کردن لە داڕشتنی سیاسەتەکانی حزب.

٢- نا ناوەندێتی ڕێژەیی: بوونی ڕادەیەک نەرمی لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان ناوەندە سەرکردایەتی و لق و ئەنجومەنەکانی حزب لە هەرێم و ناوچەکان، بەشێوەیەک بەشداری کردنی ئۆرگانەکانی خوارەوە مسۆگەر بکات.

---

٧- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید، وەرگێڕانی عوسمان حەمە ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧-٢٧ ؛ سیاسەت و حکومەت لە ئەوروپا، د. ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکان/٢٠٥-٢٠٨-٢٥٧ ؛ خصائص النظام الحزبي والتحديات التي تواجه الديمقراطية، اعداد: دانيكا هافنز، مطبعة جامعة اوكسفورد، کورت کراوەی بە زمانی عەرەبی،

https//link-springer.com؛

الديمقراطية الاجتماعية (الاقتصاد الاجتماعي) مؤسسة فريدريش ليبرت، قسم الاكاديمية السياسية/٢٠١٦- الاردن، ص٧٢-٨٨،

https//library.fas.de.

٣- ڕێکخستنی ئاشکرا: هەیکەلی ڕێکخراوەیی دیاریکراو، کۆنگرەی گشتی، کۆمیتەی ناوەندی، ئەنجومەنەکان، لقەکانی حزب، (هەرێم و ناوچەکان) لەگەڵ دیاریکردنی دەسەڵات و بەرپرسیاریەتی هەر لایەک لەو ئۆرگانانە.

**دووەم: خەسڵەتەکانی سەرکردایەتی:**

١- سەرکردایەتی بەکۆمەڵ: دوورکەوتنەوە لە پاوانکردنی دەسەڵات لەلایەن تاکە کەسێک، پشت بەستن بە شێوازی کاری بەکۆمەڵ.

٢- لێهاتوویی و شارەزایی: هەڵبژاردنی بەرپرس و سەرکردەکانی حزب لەسەر بنەمای چەند خەسڵەتێکی وەک: لێهاتوویی سیاسی و ئاستی هزری و چالاکی لە کاروباری ڕێکخراوەیی، نەک پشت بەستن بە خەسڵەتی ملکەچی و لایەنگری بۆ کەسێک.

٣- نوێبوونەوەی بەردەوام: ئاڵوگۆڕکردن لە پلە و پایەکانی سەرکردایەتی، بۆ مسۆگەرکردنی نوێبوونەوەی بیرو باوەڕەکانی حزب و بەشداریکردنی نەوەی نوێ.

**سێیەم: خەسڵەتە هزری و سیاسییەکان:**

١- ڕوونی و ئاشکرایی ئایدیۆلۆژیا: بنەما و پرەنسیپەکانی ئایدیۆلۆژیای حزب ئاشکراو ڕوون بێت، پشت لەسەر بنەماکانی هزری سۆسیالیستی دیموکراسی ببەستێت لە ئازادی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، یەکسانی.

٢-کۆکردنەوەی نێوان بنەماکانی سۆسیالیزم و پێداویستییەکانی ئابووریی نوێ.

٣- بەردەوامبوونی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر: بوونی چەند شێواز و ڕێگایەکی بەردەوام بۆ کارلێکردن لەگەڵ هاووڵاتیان، ئەویش بەهۆی سەندیکاکان، کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان، هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان.

**چوارەم: خەسڵەتە کارگێڕی و زانستییەکانی:**

١- پلاندانانی ستراتیژی: دانانی چەند بەرنامەیەکی کرداری کورت خایەن و درێژخایەن، پەیوەست بێت بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگە.

٢- ڕوونی و بەرپرسیاریەتی: پەیڕەوکردنی چەند شێوازێکی چاودێری ناوخۆیی بۆ دڵنیابوون لە پاکی و بێگەردی بڕیارەکان، هەروەها بۆ زانینی ڕادەی خەرجییەکانی حزب.

٣- بەڕێوەبردنی دەرامەت و داهاتەکان بەشێوەیەکی ڕاست و کاریگەر: سوود وەرگرتن لە داهات و دەرامەتە مرۆیی و مادی و هزرییەکان، بەشێوەیەک ئامانجەکانی لە بەرژەوەندی حزبدا بێت.

٤- بوونی توانای خۆگونجاندن: بەدەنگەوە هاتن بۆ گۆڕانەکانی ناو کۆمەڵگە لە هەر ڕوویەکەوە بێت، هەوڵیش بدرێ شوناسی هزری حزب بپارێزرێت.

# باسی هەشتەم

## شێوازەکانی بڕیار وەرگرتن – حزبی سۆسیال دیموکرات[٨]:

لەناو حزبەکانی سۆسیال دیموکرات، پڕۆسەی وەرگرتنی بڕیارە گرنگ و سەرەکییەکان بەڕادەیەکی بەرزی دامەزراوەیی و دیموکراسییەتی ناوخۆیی دەناسرێت، لەم بوارەدا بایەخ و گرنگی بە بەشداریکردنی کۆی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان دەدرێت، هەروەها بە پێویست دەزانرێت کە کۆدەنگی لەسەری هەبێت.

**گرنگترین شێوازەکانی بڕیار وەرگرتن لەناو ئەو حزبانە بریتین لە:**

**یەکەم: لەناو کۆنگرەی گشتی حزب:**

کۆنگرەی گشتی حزب بەرزترین دەسەڵاتی حزبە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، هەندێ لە حزبەکان (دوو) ساڵ جارێک و

---

٨- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- پارتی سۆسیالستی دیموکراتی ئەڵمانیا، پەیڕەوی ناوخۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧ ؛ پارتی سۆسیالستی فەڕەنسا (پێڕەوی ناوخۆ) ل١٦٣-١٦٥ ، سەرچاوەی پێشوو ؛ الاحزاب السياسية والسياسات العامة، الديمقراطية التشاركية، (NDI) المعهد الديمقراطي الوطني للشؤون الدولية، لبنان، ٢٠١٢، پەیجی:

https//taalamshareh.org ؛

ادارة و تمثيل الحزب (بحث) مركز أولف بالمة، ستوكهولم، ٢٠١٠، پەیجی:

www.palme center.se

بەشێکی دیکە (چوار) ساڵ جارێک دەبەسترێت، لە کۆنگرە نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی هەموو بنکەکانی حزب بەشداری دەکەن، بریارە چارەنووسسازەکان وەک: ڕاستکردنەوەی بەرنامەی سیاسی حزب، پلانە ستراتیژیەکان هەڵبژاردنی سەرکردایەتی باڵا، هەڵوێست لە هاوپەیمانییەتی، لەناو کۆنگرە بڕیاریان لەسەر دەدرێت.

**دووەم: کۆمیتەی ناوەندی حزب:**

کۆمیتەی ناوەندی بەرزترین ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزبە، لە نێوان دوو کۆنگرە، ئەو ئەنجومەنە نوێنەری هەموو ناوچە و ڕەوتە جیاوازەکانی حزبی تیادا دەبێت.

بڕیار لەسەر کێشە سیاسی و ڕێکخراوەییە گەورەکان دەدات، بەتایبەتی ئەو کێشانەی ناکرێ دوابخرێت تا کۆنگرەی حزب دەبەسترێت.

**سێیەم: مەکتەبی سیاسی حزب:**

دەزگایەکی بچووککراوەی کۆمیتەی ناوەندییە، بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانەی حزب و داڕشتنی هەڵوێستە سیاسییە خێراکان، ئەو دەزگایە لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی کۆمیتەی ناوەندی بۆی دیاریکردووە، یان لە کۆنگرەی گشتی حزب دیاریکراون، ئەوا بڕیارەکانی خۆی دەردەکات.

**چوارەم: نووسینگە و لیژنە پسپۆڕییەکان:**

نموونەی ئەو نووسینگە و لیژنە پسپۆڕییانە: لیژنەی کاروباری سەندیکاکان، لیژنەی لاوان، لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، ئەو لایەنانە و چەندین ئۆرگانی دیکەش، ڕاسپاردە و لێکۆڵینەوەکانی خۆیان دەگەیێننە سەرکردایەتی حزب، بەشداریش لە داڕشتنی سیاسەت و هەڵسوڕانی کاروباری حزب لە ناوچە جیاوازەکان دەکەن.

**پێنجەم: بەشداریکردنی ئۆرگانەکانی خوارەوە لە وەرگرتنی بڕیار چەندین شێواز وەردەگرێت:**

أ- بەستنی چەندین کۆبوونەوەی خولی بۆ لقەکانی حزب بە مەبەستی گفتوگۆکردن لە کاروبارە سیاسییەکان.

ب- بەهۆی چەند پێگەیەکی حزبەوە دەرگای گفتوگۆیی ناوخۆ بۆ ئەندامان دەکرێتەوە.

جـ- ئەنجامدانی ڕاپرسی ناوخۆیی لەلایەن حزبەوە (لەهەندێ بارودۆخدا) دەربارەی کێشە گەورەکانی وەک: هاوپەیمانییەتی لەگەل حزبەکان، بەشداریکردن لە حکومەت.

**شەشەم: چەند بنەما و ڕێسایەک بۆ وەرگرتنی بڕیار:**

١- دیموکراسییەتی ناوخۆیی حزب، ماف بە هەموو ئەندامێک دەدات بەشداری بکات لە گفتوگۆ بۆ بڕیاردان، ئەویش بەهۆی نوێنەرەکانییەوە.

٢- بنەمای سازان، یان زۆرینە، بڕیارە گرنگەکان بەشێوەی سازان، یاخود بە دەنگی زۆرینە دەدرێت.

٣- پەیڕەوکردنی شەفافیەت لە ڕاگەیاندنی بڕیارەکانی، هەروەها ئاشکراکردنی هۆیەکانی، ئەویش بۆ مسۆگەرکردنی بەدەستهێنانی متمانەی ئەندامان و جەماوەر.

٤- بنەمای لێپرسینەوە و سزادان، سەرکردایەتی بەرپرس دەبێت لەبەردەم ئەو ئەنجومەنانەی کە پێکیان هێناون.

## باسی نۆیەم
## شێوازی کۆبونەوەی ڕێکخراوەکانی خوارەوە[٩]:

ڕێکخراو و بنکە حزبییەکانی خوارەوە لەناو حزبەکانی سۆسیال دیموکرات، وەک: (لقەکان، لیژنەی ناوچە خۆجێییەکان، ئەنجومەنی گەڕەک و بازنەکان...) ئەو ئۆرگانانە بە بنچینەی کاری ڕێکخراوەیی دادەنرێن، ئەوانە بە شێوازێکی دیموکراسیانە، چالاکی و کارە ناوخۆییەکانیان ئەنجام دەدەن، هەر بەهۆی ئەو جۆرە چالاکیانەوە هەڵوێستی بنکە و ئەندامانی حزب لە ئاست کێشە و بابەتەکانی ناو کۆمەڵگە و ژیانی سیاسی دیاری دەکەن و سەرکردایەتی لێی ئاگادار دەکەنەوە، شێوازی کۆبونەوەکانی ئەو ئۆرگانانە، ئەم خەسڵەتانە هەڵدەگرێت.

**١- مۆرکی دیموکراسیەت:** کۆبوونەوەکان کراوە دەبن، هەموو ئەندامانی سنوری ئۆرگانەکە دەتوانن بەشداری تیادا بکەن لە ڕێگەی گفتوگۆی کراوەی ئازادانە و پاشان دەنگدان بە زۆرینە و یاخود بەپێی پێڕەوی ناوخۆ بێت، دەگەنە بڕیاری

---

٩- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- پارتی سۆسیالستی فەرەنسا، سەرچاوەی پێشوو، پەیڕەوی ناوخۆی پارت بەتایبەتی بەندی/٦/١، ١/٢، ١/٥، هەروەها پرۆگرامی پارت: برگەی/١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨ ؛ پارتی سۆسیال دیموکراتی سوێد، پرۆگرامی پارت، ل٦٨، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣، بیرەوەری ناوخۆی پارت، ل٣٨-٣٩-٢٢، ٥٨.

کۆتایی، لەو کۆبونەوانە هەموو ئەندامێک مافی دەربڕینی بیروڕای خۆی هەیە لەسەر هەموو بابەتەکان.

**٢- خشتەی کاری کۆبوونەوە:** خشتەی کارەکانی کۆبوونەوە پێشتر ئامادە دەکرێت لەلایەن ئەنجومەنی خۆجێیی، یان هەر ئۆرگانێکی دیکەی هەڵبژێردراو، خشتەکە ئەم خاڵانە دەگرێتە خۆی:

أ- خوێندنەوەی تۆماری پێشوتری کۆبوونەوە و پەسەندکردنی.

ب- خستنەڕووی چالاکییە سیاسی و ڕێکخراوەییەکان بەپێی ڕاپۆرتەکان.

جـ- گفتوگۆکردن دەربارەی کێشەکانی ناوچەکە، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیری.

د- گفتوگۆکردن دەربارەی چەند کێشە و بابەتێکی نیشتمانی و نێودەوڵەتی کە حزب دیارییان دەکات.

هـ- خستنەڕووی چەند پێشنیار و ڕاسپاردەیەک کە بۆ ئەنجومەنە باڵاکان بەرز دەکرێنەوە.

**٣- شێوازی گفتوگۆکانی ناو کۆبوونەوەکان:**

* گفتوگۆ دەربارەی بابەتەکان شێوازێکی هێمنانە وەردەگرێت، دەرفەتێکی یەکسان دەدرێتە ئەندامان بۆ دەربڕینی بیروڕایان.

* کۆبوونەوەکە لەلایەن ئەندامێک بەڕێوەدەچێت (وەک باوە زیاتر سەرۆکی ئۆرگانەکە یان جێگرەکەی دەبێت).

❊ داکۆکی دەکرێت لەسەر ڕەچاوکردنی دیسپلینی حزب و ئازادی بیرورِا دەربڕین.

**٤- بەردەوام بوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ سەرکردایەتی.**

أ- کۆبوونەوەکانی ئۆرگان و بنکە حزبییەکانی ئاستی خوارەوە دابڕاو و گۆشەگیر نین، بەڵکو ڕاپۆرت و پێشنیازەکانیان بۆ ئاستە ڕێکخراوەییە باڵاکانی وەک: ئەنجومەنی ناوچە، ئەنجومەنی پارێزگا، کۆمیتەی ناوەندی، بەرز دەکەنەوە.

ب- هەروەها ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزب هەڵدەستێت بە ئاراستەکردن و دیاریکردن ئەو ئۆرگانانە لە ڕێگای کۆبونەوەکانیان.

**٥- مۆرک و خەسڵەتی کردەیی ئامادەکارییەکانی کۆبوونەوەکان.**

کۆبوونەوەی ئۆرگانە حزبییەکان تەنها بۆ گفتوگۆی ڕووت نین، بەڵکو بەهۆی ئەو گفتوگۆیە و بڕیارەکان، چەندین ئەرک و پلان دیاری دەکرێت، وەک:

أ- ڕێکخستنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن.

ب- چالاکییەکانی ناو سەندیکا و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان.

جـ- پلان و بەرنامەکانی کاری ڕاگەیاندن.

د- بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ناو کۆبوونەوەکان.

**٦- بەردەوامیی کۆبوونەوە و پابەندیەتی:**

کۆبوونەوەی ئۆرگانەکانی حزب بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بەردەوامی هەیە لە کاتی خۆیدا (مانگی جارێک، دوو جار، یان زیاتر).

ئامادەبوونیش لە کۆبوونەوەکان بەشێکە لە پابەند بوون بە دیسپلینی حزب.

**بەکورتی کۆبوونەوەکان لەسەر چەند بنەمایەک بەڕێوەدەچن، وەک:**

١- دیموکراسی ناوخۆیی.

٢- گفتوگۆی ڕێک و پێک و ئازادانە.

٣- بڕیارەکان بە شێوەی کۆدەنگی وەردەگیرێت (یان زۆرینە).

## باسی دەیەم
## گرنگی ڕۆڵی دەزگای چاودێری و پشکنین لە کاری ڕێکخراوەیی[١٠]:

پرۆسەی چاودێری و پشکینن لەلایەن حزبە سۆسیال دیموکراتەکان، بەکۆڵەگەیەکی گرنگی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی دادەنرێت، ئەویش بۆ پارێزگاری کردنی دیموکراسییەتی ناوخۆیی حزب.

هەروەها پڕۆسەکە هاوسەنگی لە نێوان سەرکردایەتی ڕێکخراوە بنکەییەکانی حزب دەستەبەر دەکات، سەرەڕای دەستەبەرکردنی لەنێوان بەرپرسەکانی حزب و نوێنەرانی لەناو پەرلەمان.

---

١٠- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- پارتی سۆسیالستی فەرەنسا، سەرچاوەی پێشوو، تەماشای پەیرەوی ناوخۆ بکە: ل١٥٨، مادە ١١، بەندەکانی ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨ ؛ پارتی سۆسیالستی ئەڵمانیا، سەرچاوەی پێشوو، تەماشای پەیرەوی ناوخۆ بکە، ل٣١، مادە/٢٤-١، ٢-٣، ک٣، م/٢٩، ١-٢-٣، ٤، ٥، ٦ ؛ اللجنة المركزية لمراقبة الحزب، حزب الوحدة الاشتراكية الالمانية، پەیجی:

https//en.wikipedia.org ؛

الرقابة على مصادر تمويل الاحزاب السياسية، م. سجى فالح حسين، كلية القانون، جامعة ميسان، مجلة دراسات البصرة، ملحق العدد/٣٢-٢٠١٩،

https//lass.rdd.edu.iq.

**یەکەم: گرنگییەکانی پرۆسەی چاودێری و پشکنین لەناو حزب:**

١- مسۆگەر کردنی ڕوونی و ئاشکرایی، هەروەها هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتی: ئەم کارە یارمەتیمان دەدات کە ڕێگا لە گەندەڵی دارایی و کارگێڕی بگرین، هەروەها بڕیاردان بۆ بەرژەوەندی ئەندام و جەماوەری حزب بێت.

٢- پاراستنی دیموکراسییەتی ناوخۆیی: ڕێگا بە ئەندامانی حزب دەدات کە مافی چاودێری ئەنجومەنەکانیان هەبێت، ڕێگاش لە هەر گروپێک دەگرێت کە دەستڕۆیی هەبێت بەسەر بڕیارە چارەنووس سازەکان.

٣- بەهێزکردنی متمانەی نێوان بنکەو دەسەڵات: کاتێ ئەندامانی حزب دەزانن کە بە کردار چاودێری هەیە ئەوا متمانەیان بەهێزتر دەبێت بە دامەزراوەکانی حزب.

٤- ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی سیاسی ڕێکخراوەیی پرۆسەی چاودێری کردن، دەبێتە هۆی بەشداری کردن لە ئاشکرا کردنی هەڵە و لادانەکان لە هەردوو بواری ئایدیۆلۆژیی و ڕێکخراوەییەوە، هەروەها دەرفەت دەخولقێنێ بۆ درووست بوونی هاوسەنگی لەنێوان هەردوو حاڵەتی تێوریی و پراکتیکی لە ژیانی حزبدا.

٥- مسۆگەرکردنی پابەندبوونی ئەندامان بە بەرنامە و یاساکانی حزب: پرۆسەی چاودێری و پشکنین ڕادەی جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی هەڵبژاردن و بەڵێنە سیاسییەکان بەهێز دەکات، پارێزگاری لە تەبایی و گونجاندنی نێوان ڕێبازی سیاسی حزب و بنەماکانی سۆسیال دیموکرات دەکات.

**دووەم: شێوازەکان کاری چاودێری و پشکنین:**

١- پێکهێنانی چەند ئەنجومەنێکی سەربەخۆ لەناو حزب: نموونەی ئەو ئەنجومەنانە؛ لیژنەکانی چاودێری، لیژنەکانی دیسپلینی حزبایەتی، ئەوانە بەزۆری لە کۆنگرەی گشتی حزبەوە هەڵدەبژێردرێن، سەربەخۆن و لەژێر چاودێری سەرکردایەتی نین.

٢- بەدواداچونی بەردەوام بۆ بوارەکانی:

أ- کاروباری دارایی (بودجەی ئۆرگانەکان، کۆکردنەوەی پیتاک و ئابوونەوە).

ب- کاروباری ڕێکخراوەیی (ڕادەی پابەندی بە یاسا و ڕێنماییە گشتییەکان و سیستمی ناوخۆیی حزب).

جـ- کاروباری سیاسی (ڕادەی گونجانی بڕیاری ئۆرگانەکان لەگەڵ پێڕەوی ناوخۆیی حزب).

٣- بەدواداچوون بۆ ڕاپۆرتەکان، ئەم بوارانە دەگرێتەوە:

أ- ڕاپۆرتی ساڵانە یاخود ڕاپۆرتی وەرزی کە دەخرێنە بەردەم کۆنگرەی حزب، یان ئەنجومەنی باڵا.

ب- بەرزکردنەوەی پێشنیار و سپاردەکان دەربارەی چاکسازی و گۆڕانی پێویست.

٤- لێپرسینەوە و جێبەجێکردنی ڕێساو بنەماکانی دیسپلینی حزب، کە خۆی لە چەند بوارێک دەبینێتەوە وەک: داواکردنی سەرکردایەتی، یان ئەنجومەنەکان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چەند

لادان و کەم و کورتییەک لە کاروبار و چالاکییەکانی حزب، هەروەها بڕیاردان لەسەر لێپرسینەوە و سزادانی ئەوانەی سەرپێچیان کردووە بەیەک لە سزاکانی: ئاگادارکردنەوە، هەڵپەساردن، دەرکردن.

٥- بەشداریکردنی ئەندامان و بنکەکانی حزب: هاندانی ئەندامانی حزب بۆ بەرزکردنەوەی سکاڵا، یان تێبینی و زانیاری بۆ لیژنەکانی چاودێری و پشکنین.

٦- چاودێری کردنی ئاڵوگۆڕ، ئەم خاڵە وەک کارێکی ئاسایی لە نێوان ئۆرگانەکانی حزب دێتەدی، بۆ نموونە: کۆنگرەی گشتی چاودێری کۆمیتەی ناوەندی دەکات، کۆمیتەی ناوەندیش چاودێری ئەنجومەنەکانی خوارەوەی خۆی دەکات.

# باسی یازدەهەم
## ئامادەکردن و پێگەیاندنی کادیر[١١]:

ئامادەکردن و پێگەیاندنی کادر لەلای حزبەکانی سۆسیال دیموکرات بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە جۆراوجۆرەکانی حزب بە بابەتێکی گرنگ دادەنرێت لە پێناو مانەوەی حزب بە شێوەیەکی کارا لەناو کۆمەڵگە و ژیانی سیاسیدا.

**یەکەم: شێوازی ئامادەکردنی کادر:**

**١- لە بواری ڕۆشنبیری سیاسی و ئایدیۆلۆژی:**

بەشێوەیەکی ڕێک و پێک و بەردەوام، کادیر لە چەند خولێکی

١١- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:
- پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا، پەیرەوی ناوخۆ برگەکانی(٦١-٧٣) سەرچاوەی پێشوو ؛ الاحزاب السياسية ومؤسسات المجتمع الديمقراطي، ترجمة دار صديق، پەیجی: www.gulanmedia.com؛

في تأهيل الكوادر الحزبية، مركز الجبهة الوطنية للدراسات، پەیجی: https//jabhastudies.com؛

ادارة وتمثيل الحزب الاشتراكي الديمقراطي، مركز اولف بالمهن ستكوهولم، ٢٠١٠، سەرچاوەی پێشوو، پەیجی: www.palmecenter.se؛

دور الدولة والاحزاب في التنشئة والثقافة السياسية، د. أحمد ابراهيم أحمد، مجلة تالبحوث الفقهية والقانونية، العدد/٤٥، ابريل-٢٠٢٤، مصر- ص٦٨؛ في الكادر، ديمتروف، ترجمة خالد السلام، مكتبة الشيوعيين العرب، ٢٠١٨.

ڕۆشنبیری بەشداری دەکات، ئەو بابەتانەی زیاتر بایەخیان پێ دەدرێت لەم خولانە، بریتین لە: مێژوویی، هزری، سۆسیالیزم، دیموکراسی و بنەماکانی، بنەماکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، مافەکانی مرۆڤ.

کادیر پێویست دەکات بەشداری لەچەند خولێکی وۆرک شۆپ، ڕاهێنان بکات بۆ شارەزا بوون لە مێژووی بزووتنەوەی سۆسیالیستی و ئەزموونەکانی لە جیهاندا.

**٢– ڕاهێنانی کردەیی و ڕێکخراوەیی:**

أ- بەشداریکردنی کادیر لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و چالاکییە جەماوەرییەکان، هەروەها بەشداریکردن لە چالاکییەکان ڕاگەیاندن لە هەر بوارێکی کۆمەڵایەتی، ئابووریی سیاسی.

ب- ڕاهێنانی کادر لە بواری پسپۆڕی و شارەزایی لەکاری سەرکردایەتی، پەیوەندییە جەماوەرییەکان، دیالۆگی دیموکراسی، دانوستانی سیاسی ..... هتد.

**٣– کارکردن لە ئۆرگانەکانی خوارەوەی حزب:**

أ- ڕێگا پێدان بە کادیرە نوێیەکان بۆ کارکردن لە ئەنجومەن و لیژنە ڕێکخراوەییە خۆجێیەکانی حزب، پێش ئەوە لە ئەنجومەنە باڵاکانی حزب کاربکات.

ب- هاندانی کادیران بۆ تێکەڵبوونی سەندیکاکان، لە

چالاکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕێکخراوەکانی لاوان و خوێندکاران.

**٤- ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات و نوێبوونەوە:**

أ- پشت بەستن بە شێوازی ئاڵوگۆڕکردنی پلەو پایە حزبییەکان، بۆ دوورکەوتنەوە لە دیاردەی چەق بەستی هزری و کردەیی، هەروەها وەک ئامادەکارییەک بۆ پلەو پایەکانی سەرکردایەتی.

ب- خولقاندنی ژینگەیەکی ڕێکخراوەیی درووست، کە بەهۆیەوە کادر خەسڵەتە ئەرێنییەکانی کاری ڕێکخراوەیی هەڵبگرێت.

**دووەم: گرنگی ئامادەکردنی کادر:**

**١- هۆکارێکە بۆ درێژەپێدانی خەباتی حزب:**

کادیری ڕاهێنراو دەستەبەری مانەوەی حزب دەکات، بەشێوەیەکی توانادار و نوێبوونەوە، هەروەها لە ڕووبەڕوو بوونەوەی بەرەنگارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام دەبێت.

**٢- داکوتانی ڕەگ و ڕیشەی دیموکراسییەتی ناوخۆی حزب:**

چەندی حزب کادیری هۆشیاری زۆر بێت، ئەوەندە توانای لەسەر پیادەکردنی ژیانی دیموکراسییەت لە ناوخۆی حزب زۆرتر دەبێت.

**٣- جێبەجێ کردنی بەرنامەی سیاسی:**

کادیری لێهاتوو ئامرازی ڕاستەقینەیە بۆ جێبەجێکردنی ڕێبازی سیاسی حزب بە شێوەیەکی درووست (لەناو پەرلەمان، لە دامەزراوەی شارەوانی، لەناو سەندیکاکان...).

**٤- فراوانکردنی بنکەی جەماوەریی حزب:**

کادیری کارا دەتوانێ پەیوەندی کردنی بەردەوامی هەبێت لەگەڵ چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، هەروەها بەرگری لە کێشەکانی خەڵک بکات، متمانەیان بۆ لای حزب ڕابکێشێت.

**٥- ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران و بەرەنگارییەکان:**

کادیری ڕۆشنبیر و هۆشیار یارمەتی حزب دەدات بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانەکان وەک: دۆخە ئابوورییە جیاوازەکان، کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ململانێ سیاسییەکان.

# باسی دوازدەهەم

## ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆ گرتن - حزبی سۆسیال دیموکرات[١٢]:

ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆ گرتن بە گرنگترین ئەو بنەمایانە دادەنرێت کە حزبەکانی سۆسیال دیموکرات پەیڕەوی دەکەن، بە زۆریش لە سیستمە ناوخۆییەکانی ئەو حزبانە لە چەند دەقێک ئاماژەی بۆ کراوە:

**یەکەم: ڕەخنە لە چوارچێوەی ڕێکخستندا:**

**١- ڕەخنە لەناو ڕێکخستندا:**

بەهۆی کۆبوونەوە ئاساییەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزب و ئۆرگانەکانی خوارەوە پەیڕەو دەکرێت، ئەندامانی ئەو

---

١٢- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا، پێڕەوی ناوخۆ، ل١٠، مادە/٣، ٤، ل٥٤، م١٣٠-١-٢-٣، سەرچاوەی پێشوو؛ الديمقراطية داخل الاحزاب في البلدان العربية، اعداد علي خليفة الكواري، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٤، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٦-٤٦٠ ؛ الاحزاب السياسية، موريس ديفرجيه، ترجمة علي مقلد، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩-٤٨ ؛ الحزب الديمقراطي الاجتماعي الالماني بحث: المركز الديمقراطي العربي، پەیجی:

www.wikipedia.org؛

دور الاحزاب السياسية في صنع السياسات العامة؟، اعداد: أحمد خميس أحمد، مصطفى احمد فؤاد، المركز الديمقراطي العربي، مايو-٢٠٢٢، كلية الدراسات الاقتصادية والعلوم السياسية- جامعة الاسكندرية، پەیجی:

https//dimocraticac.de.

ئەنجومەن و ئۆرگانانە دەرفەتیان پێدەدرێت (لە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆیی حزب) هەڵە و کەم و کورتییەکان باس بکەن بەشێوەیەکی ئازادانە.

**٢- ڕاپۆرتە خولییەکان:**

ڕاپۆرت بۆ هەڵسەنگاندنی کار و ئەرکەکانی ئەنجومەن و ئۆرگانەکان و ئەندامانیش دەنووسرێت، ئەو ڕاپۆرتانە دەبنە جێگای گفتوگۆ و ڕەخنە و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و لێک تێگەیشتان.

**٣- بازنەکانی ڕۆشنبیری:**

لەمیانەی بەڕێوەچوونی ئەو خولە ڕۆشنبیرییانە، بەشێوەی کۆمەڵ لەلایەن ئەندامان گفتوگۆ لەسەر هەڵە و کەم و کورتییەکان دەکرێت و دەبنە جێگای ڕەخنە لێگرتن ئەگەر بابەتەکانی سیاسی، هزری، ڕێکخراوەیی بن.

**٤- کۆنگرەی گشتی و کۆنفرانسە حزبییەکان:**

لێرەدا بوارێکی فراوان دەکرێتەوە، بۆ ڕەخنەی درووست لە ئاست سەرکردایەتی یان دەربارەی ڕێبازی سیاسی حزب و هەڵوێستەکانی.

**٥- لێپرسینەوە لە تاک:**

داوا لە ئەندامانی سەرکردایەتی، یاخود ئەندامانی حزب لە هەر ئاستێکی ڕێکخراوەیی بێت، دان بە هەڵەکانی خۆیان بنێن لەبەردەم هاوڕێکانیان.

**٦- ڕەخنەی تۆمارکراو لە ڕاگەیاندنی ناوخۆیی حزب:**

لەو بابەتانە، نموونەی بڵاوکراوە ناوخۆییەکانی حزب کە ڕێگا بە دەربڕینی بیروڕای ئازاد دەدات بەشێوەیەکی بابەتیانە بێ بریندارکردنی کەس.

**دووەم: گرنگی ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆ گرتن:**

**١- بەهێزکردنی دیموکراسییەتی ناوخۆ:**

کارکردن بە بنەمای ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆ گرتن ڕێگا دەگرێت لەوەی حزب ببێتە دامەزراوەیەکی بیروکراسی ووشک، یان دەسەڵاتێکی داخراو.

**٢- ڕاستکردنەوەی هەڵەکان بەشێوەی خێراو زووتر:**

ئەم پرەنسیپە یارمەتی حزب دەدات کە هەڵە و سەرپێچییە هزریی و ڕەفتارییەکان ئاشکرا ببن، پێش ئەوەی کەڵەکە ببن و چارەسەریان دژوار بێت.

**٣- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی ئەندامان:**

ڕەخنە هاوکار دەبێت بۆ بنیاتنانی کەلتورێکی سیاسی، لەسەر بنچینەی چاوخشانەوەی بەردەوام بە بڕیار و چالاکییەکان.

**٤- بەدیهێنانی شەفافیەت و ڕاستگۆیی:**

ڕەخنە لەخۆ گرتن لە بەردەم ئەندامان و جەماوەر، متمانەی

بنکەکانی حزب بە ڕێکخراوەکە بەهێز دەکات.

**٥- پەرەپێدانی ئەرک بەجێگەیاندنی سیاسی و ڕێکخراوەیی:**

ڕەخنە ڕێگا خۆش دەکات بۆ ئەوەی بەرنامە و پلانەکانی حزب لەبار و گونجاو بن لەگەڵ گۆڕان و ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان.

**٦- بەهێزکردنی دیسپلینی هۆشیارانە:**

ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆ گرتن، دەبنە هۆی پابەند بوون بە پەیڕەوی ناوخۆ لەسەر بنەمای باوەڕو تێگەیشتن لەجیاتی ملکەچی کوێرانە.

# باسی سێزدەهەم
## مافی ئەندامان و دیسپلینی حزبی[١٣]:

پەیوەندی نێوان ئەندامان و دیسپلینی حزب لەناو حزبە سۆسیال دیموکراتەکان، پەیوەندییەکی لۆژیکییە لەسەر بنەمای هاوسەنگی نێوان ئازادی و بەرپرسیاریەتی داڕێژراوە، دەکرێ بەم شێوەی خوارەوە کورتی بکەینەوە:

**یەکەم: مافەکانی ئەندام لە پێڕەوی ناوخۆ:**

١- ئازادی دەربڕینی بیروڕا، هەموو ئەندامێکی حزب مافی دەربڕینی بیروڕای خۆیی هەیە لەچوارچێوەی کاری ڕێکخراوەیی: کۆنگرە، کۆبوونەوەی ئاسایی دیکە، لیژنە حزبییە جیاوازەکان....

---

١٣- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- بناء الاحزاب وأشكالية الالتزام الحزبي، نوران أحمد، بحث: منتدى البدائل العربي للدراسات، القاهرة، پەیجی:
www.facebook.com؛

سەرهەڵدان و بەردەوامی حزبە سیاسیەکانی ڕۆژئاوا، د. حوجەتوڵا ئەیوبی، وەرگێڕانی: ئازاد وەلەدبەگی، چ١، ساڵی ٢٠٠٧، هەولێر ؛ پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا، پێڕەوی ناوخۆ، ک١، مادە/٥-١-٢-٣ن سەرچاوەی پێشوو ؛ پارتی سۆسیالستی فەڕەنسان بەرزان فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، بەشی پێڕەوی ناوخۆ، ل١١٥-١٢٢ ؛ أزمة الديمقراطية في الاحزاب المصرية، د. وحيد عبدالمجيد، ٢٠٠٧، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ص٥٣-٥٨.

٢- بەشداری کردن لە درووستکردنی بڕیار، ئەویش لە ڕێگای دەنگدان لەسەر بەرنامە و سیاسەتەکانی حزب و هەڵبژاردنی سەرکردایەتی.

٣- مافی چاودێری و لێپرسینەوە، بەهۆی لیژنەکانی چاودێری، یاخود ئەنجومەنە ناوخۆییەکان کە دەبنە هۆی دەستەبەرکردنی شەفافیەت لە کارو ئەرک بەجێگەیاندن.

٤- مسۆگەرکردنی فرەیی ناوخۆیی، هەر لەبەر ئەوە حزبە سۆسیال دیموکراتەکان باوەڕیان بە دیموکراسییەت هەیە، ئەوا ڕێگا بە بوونی چەند ڕەوتێک یاخود چەند ئاراستەیەکی هزری جۆراوجۆر دەدرێت لەناو حزب.

**دووەم: دیسپلینی بابەتی ئەم لایەنانە دەگەیەنێت:**

١- پابەند بوون بە بڕیارەکانی کۆبوونەوەکان، دوای ئەوەی لە کۆبوونەوە بەشێوەیەکی دیموکراسیانە بیروڕا وەردەگیرێت، ئەوا پێویست دەکات هەموو ئەندامان جێبەجێی بکەن، تا ئەوانەی دژیش بوون لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەری.

٢- یەکبوونی ڕێکخستن لەبەردەم ڕای گشتی، بۆ خۆ دوورخستنەوە لە هەر جۆرە پەرش و بڵاوییەک پێویست دەکات حزب بەیەکگرتوویی خۆی بپارێزێت و بیخاتەڕوو.

٣- شێوازەکانی ڕێگری لەهەر جۆرە سەرپێچی و لادانێک لە پێڕەوی ناوخۆ، بەهۆی چەند یاساو ڕێنماییەک کە سزاکانی بریتین لە: سەرنج ڕاکێشان ئاگادارکردنەوە، هەڵپەساردن،

دەرکردن بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لە شێواندن و تێکدانی شیرازەی ناوخۆیي حزب، یان زڕاندنی ناوبانگی.

٤- لێپرسینەوە و سزاکان پلە بە پلە سەرکەون تا دەگاتە ڕادەی سزایەکی توند، هەروەها بوونی هاوسەنگی لەنێوان ڕێگرتن لە سەرپێچی و لادان لە بەرامبەر پارێزگاری کردن، لادان لە مافەکانی ئەندامییەتی.

**سێیەم: سرووستی پەیوەندییەکەی نێوان هەردوولا (مافی ئەندام و دیسپلین):**

ئەو پەیوەندییەی نێوان هەردوولا، پەیوەندییەکە مۆرکێکی کارلێکردن و هاوسەنگی پێوە دیارە، پشت بەم خاڵانەی خوارەوە دەبەستێت:

١- تەواوکاری نەک دژایەتی، بۆچوونی حزب وایە دیسپلین کۆت و ڕێگر نییە لەبەردەم ئازادی ئەندامان، بەڵکو هۆکارێکە بۆ دەستەبەرکردنی کاریگەرێتی کاری بەکۆمەڵ.

٢- دیسپلینی حزبایەتی پێویستە، بەڵام پاش وەرگرتنی هەر بڕیارێک بە شێوەیەکی دیموکراسیانە، نەک پێش بڕیار وەرگرتن. واتە دیسپلین بەستراوەتەوە بە دیموکراسییەت.

٣- ئازادی لەچوارچێوەی کاری ڕێکخراوەیی، ئەندامانی حزب پێش وەرگرتنی بڕیار ئازادن لە گفتوگۆکردن پرسیار کردن بەڵام پاش وەرگرتنی بڕیار دەبێ هەموو لایەک پابەندی جێبەجێکردنی بن، ئەگەر ناڕازیش بوون.

٤- دیسپلین وەک دەستەبەرییەک بۆ یەکگرتوویی قەوارەی حزب پێویستە، مافەکانی ئەندامیش مسۆگەر کردنی شەرعییەت دەگەیەنێت، بۆ دیسپلین و یەکگرتنی حزب.

**چوارەم: بیروبۆچوونەکانی هزری سۆسیال دیموکرات دەربارەی دیسپلینی حزب:**

بیرو بۆچوون و ڕێنماییەکانی (سۆسیال دیموکراتەکان) تایبەت بە دیسپلینی حزب، بەردەوام لە گۆڕاندایە، لەبەر ئەوەی هەوڵ دەدات هاوسەنگی نێوان ئازادی تاک بۆ ئەندامانی حزب، لەگەڵ پێداویستییەکانی ڕێکخستن بەکۆمەڵ بێتەدی.

واتە حزبە سۆسیال دیموکراتەکان بۆچوونیان وانییە کە دیسپلینی حزب وەک ئامرازێکی چەوساندنەوە یاخود ملکەچی و گوێڕایەڵی ڕەها بۆ بڕیارەکانی سەرکردایەتی پیادە بکات، بەڵکو وەک ئامرازێک بۆ دەستەبەرکردنی یەکێتی ناو ڕێکخستنەکان و بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکانی حزب بێتەدی لە چوارچێوەی کاری دیموکراسیانەی شەفاف.

لێرەدا هەوڵ دەدەین گرنگترین ئەو بیرو بۆچوونانە بەکورتی بخەینەڕوو:

**١- دیسپلین لە چوارچێوەی دیموکراسیەتی ناوخۆیی حزبدا:**

ئەندامانی حزب ئازادانە بەشداری دەکەن لە گفتوگۆکانی و لە وەرگرتنی بڕیارەکان، بەڵام دوای وەرگرتنی بڕیار بەدەستە جەمعی ئەوا هەموو لایەک پابەند دەبن.

**٢- دژایەتی ناوەندیی توند:**

بەپێچەوانەی حزبە کۆمۆنیستەکان کە لایەنگری ڕێبازی ناوەندێتی دیموکراسی - توند دەکەن، حزبە سۆسیال دیموکراتەکان، ڕێگا بە ڕادەیەکی گەورەتر لە بیروڕای فرەیی و جیاواز دەدەن، لە چالاکییەکانی ناوخۆیی حزبدا، تا ئەو ڕادەیەی زیان بە پرەنسیپە گشتییەکان و یەکگرتوویی حزب نەگەیێنێت.

**٣- دیسپلین وەک بەرپرسیارییەتی ئەخلاقی:**

دیسپلین تەنها کۆت و ڕێگری دەرەکی نییە بەرامبەر ئەندام، بەڵکو پابەندییەکی خۆبەخشانەی هەڵقوڵاوی باوەڕی تەواوی ئەندامانی حزبە، لەبەر ئەوەی حزب ئامرازێکی کۆمەڵایەتییە، کار بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و دیموکراسی دەکات.

**٤- سازان لە نێوان ڕەخنە و پابەند بوون:**

ئەم جۆرە حزبانە ئەندامانی خۆیان هاندەدەن بۆ بەکارهێنانی ڕەخنەی ئەرێنی و بەدواداچوون و پێداچوونەوە بە چالاکییە ڕێکخراوەییەکان و سیاسەتەکانی حزب، بەڵام لەگەڵ پابەند بوون بە جێبەجێکردنی پلان و چالاکییەکان کە لە کۆبوونەوەکاندا بڕیاری لەسەر دراوە.

**٥- بەکارهێنانی نەرمی لە لێپرسینەوە و سزادان:**

دیسپلینی حزب بە شێوەیەکی ئاسایی ئەوە نییە کە سزای توند یان دوورخستنەوەی خێرای ئەندام بدرێت، بەڵکو

پێشتر چەند هەنگاوێکی هۆشیارکردنەوە و لێکۆڵینەوە بەکاردەهێنرێت، دەرکردنیش لە ڕێزی حزب دوا بڕیار و هەنگاو دەبێت.

## باسی چواردەهەم
## شێوازو گرنگیی پەیوەندییە
## جەماوەرییەکانی حزبی سۆسیال دیموکرات[١٤]:

لەناو حزبەکانی سۆسیال دیموکرات، پەیوەندی و گەیشتن بە جەماوەر گرنگترین هۆکارە بۆ مسۆگەرکردنی مانەوەی حزب لە نزیک بنکە جەماوەریەکەی و فراوانکردنی دەستڕۆیی سیاسی، دەکرێ ئەم باسە لەسەر دوو بەش کورت بکەینەوە:

**یەکەم: گرنگی پەیوەندییەکانی حزب لەگەڵ جەماوەر:**

١- چەسپاندنی شەرعییەتی میللی: ئەو پەیوەندیکردنە

---

١٤- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:
- دور الدولة والأحزاب في التنشئة والثقافة السياسية، أحمد ابراهيم أحمد، مجلة البحوث الفقهية والقانونية، العدد/٤٥، نيسان/٢٠٢٤، القاهرة ؛ استخدام الاحزاب السياسية للصحافة في التاثير على الرأس العام، رسالة ماجستير، فضلون آمال، جامعة باجي مختار، عنابة، الجزائر ؛ الاحزاب السياسية والمنظمات الجماهيرية، محمد الحنفي، بحث، آذار، ٢٠٠٥، سايت- الحوار المتمدن،

www.ahewar.org؛

دور الاحزاب في تفعيل الديمقراطية، المبحث الاول، بحث/٢٠١٢، پەیجی:

https//thesis-univ.biskra.dz؛

ادارة وتمثيل الحزب- الحزب الاشتراكي الديمقراطي، مركز اولف بالمه، مصدر سابق، دراسة ؛ وسائل الاتصال الجماهيري، الجامعة المستنصرية، بغداد، بحث، پەیجی:

https//uomusteansiriyah-edu.iq.

بەردەوامەی حزب بە جەماوەر، ئەوە دەسەلمێنێ کە حزب نوێنەری ڕاستەقینەی ئەو چینە کۆمەڵایەتیانەیە کە بەرگرییان لێدەکات.

٢- بەهێزکردن و چەسپاندنی ژیانی دیموکراسییەت لە ناوخۆی حزبدا بەهۆی بەشداری پێکردنی جەماوەر لە بڕیار و هەڵوێستەکانی حزب.

٣- کارتێکردن و تێکەڵاوبوونی کێشەکانی کۆمەڵگە، تێگەیشتن و درک پێکردن بە کێشەکانی هاووڵاتیان و هەوڵی چارەسەرکردنیان بدرێت.

٤- بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکانی حزب لە ئاستیان بەهۆی پەیوەندی کردنی کارای حزب لەگەڵ جەماوەر.

٥- گواستنەوە و گەیاندنی بیروباوەڕ و بەرنامەکانی حزب بۆ ناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، وەک: دادپەروەری کۆمەڵایەتی، یەکسانی، دەوڵەتی خۆشگوزەرانی.

٦- کارتێکردن لە ڕای گشتی بەچەند شێوازێکی جیاوازی وەک: هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، دامەزراوە و شوێنە گشتییەکان.

٧- کۆکردنەوەی پاڵپشتی و تەیار کردنی جەماوەر: پەیوەندی کردنی جەماوەری، بەکار دەهێنرێت وەک ئامرازێک بۆ تەیار کردن و ئامادەکردنی جەماوەر لەکاتی هەڵبژاردنەکان، یاخود بەشداری کردنی چالاکانە لە (خۆپیشاندانەکان، مانگرتن)، بۆ پشتگیری حکومەت یانیش بەرەیەکی سیاسی.

٨- بونیاتنانی شوناسێکی هاوبەش: نزیک بوونەوە و گەیشتنی بەردەوام بە کۆمەڵانی خەڵک، دەبێتە هۆکارێکی بەهێز بۆ خوڵقاندنی هەستی ئینتیما و کاریگەری گوتار و بیروڕاکانی حزب لە کێشەکانی ڕۆژانەی ژیانی خەڵک، لە ئاکامیشدا پێکهاتنی شوناسێکی هاوبەشی حزب و جەماوەر.

٩- پەیوەندی کردنی پێچەوانە (جەماوەر بەرەو حزب): حزب کار دەکات بۆ تێگەیشتنی باشتر لە کێشەکانی جەماوەر و پێداویستییەکانی دیارە ئەوەش دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی بەرنامەکانی زیاتر واقعی بن و لەلایەن کۆمەڵانی خەڵک پاڵپشتی لێ بکرێت و لە دەوری کۆببنەوە.

**دووەم: شێوازەکانی پەیوەندیکردنی بەردەوام بە جەماوەر:**

١- بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی ناسراو، وەک:

ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی حزب

❋ دیالۆگ و چاوپێکەوتنەکان بەهۆی، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن.

❋ کۆنگرە گشتییەکان و کۆڕ و کۆڕبەندە سیاسی و جەماوەرییەکان.

❋ ئاهەنگ و گردبوونەوە و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان.

❋ سەرچاوەکانی دیکەی وەک: قاوەخانەکان، کتێبخانەکان، زانکۆکان، کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان، چاوپێکەوتنەکانی ناو بازاڕ.

٢- لەو چالاکییانە شێوازەکانی شەفافیەت و کرانەوە،

خستنەڕووی بیروباوەڕەکان بە ئاشکرایی، هاندانی گفتوگۆی گشتی، وەرگرتنی ڕەخنە و پێشنیازەکانی جەماوەر، پێڕەو بکرێت.

٣- بەکارهێنانی چالاکییە جەماوەری و پیشەییەکانی ناو سەندیکا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

٤- بەهۆی ئامێرەکانی بەیەک گەیاندنی ئینتەرنێت، پەیجەکانی سەر ئەو ئامێرانە.

٥- بەکارهێنانی هێما و سونبولەکانی حزب لە ووتارەکان، ئاماژەکردن بۆ هەندێ بابەتی سیاسی و کەلتوری پەیوەست بەژیانی کۆمەڵگە.

٦- دیالۆگی هاوبەش، تەنها پشت بەو وتار و بابەتانە نەبەسترێت کە لە سەرکردایەتی و ئەنجومەنە حزبییەکانەوە دەردەچێت، هەوڵ بدرێت جەماوەریش بەچەند بابەتێک لە دانان و پێشکەشکردنی بەرنامەکان بەشداری بکات.

**سێیەم: چەند نموونەیەک لە ئەزمونی حزبی سۆسیال دیموکراتی سویدەوە:**

**أ- بەرنامەی ماڵی گەل:**

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا حزبی سۆسیال دیموکراتی سوید، تۆڕێکیان پێکهێنا لەژێر ناوی (ماڵەکانی گەل) ئەو ماڵانە لەناو شار و گوندەکان بڵاوببوونەوە.

ئەو ماڵانە وەک ناوەندێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کاریان

دەکرد، تیایدا کرێکاران کۆدەبوونەوە، لەو کۆبوونەوانەدا: کۆڕ، شانۆ، کۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی سەندیکاکان، چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان، ڕێکدەخرا.

ئەو چالاکییانە تەنها ئامانجی سیاسیان لەپشت نەبووە، بەڵکو ئامانجەکانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریشیان ئەنجام دەدا، بەشێوەیەک بەڕێوەدەچوو، کە لە میانەیدا حزب دەبووە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک.

**ب- بەرنامەی (پەیوەندی کردنی ژمارەیی) هاوچەرخ:**

حزبی سۆسیال دیموکراتی سوید، توانیویەتی بەرنامەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری پەرەپێبدات، یەک لەو بەرنامانەی باش بەکاری هێناوە، بەرنامەی پەیوەندیکردنی ژمارەییە (Digital communicathon) ئەویش بەهۆی بەرنامەکانی: فەیسبوک، ئەنستگرام، تویتەر، تیک تۆک، بەهۆی چیرۆکی کورت لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی و بەستنەوەی بە سیاسەتەکانی حزب و کارتێکردنی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک.

## باسی پازدەهەم
## **قەیران و کەرت بوون**
## **لەناو حزبی سۆسیال دیموکرات[١٥]:**

لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەمەوە، حزبەکانی سۆسیال دیموکرات ڕوویان لە پاشەکشە کردووە لە ڕووی هەڵبژاردنە گشتییەکانەوە، هەروەها ئەو حزبانە بەرەو ڕووی ململانێی ناوخۆییش بونەتەوە (بەتایبەتی لە کیشوەری ئەوروپا).

١٥- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:
- أزمات الحزب الاشتراكي الالماني، أخطاء وأبتعاد عن الحلقات الداخلية، (بحث) شادى حاكوم، برلين، شباط/٢٠١٨، پەیجی:
www.alaraby.co.uk؛
مآزق و آفاق الديمقراطية الاجتماعية الاوروبية في ظل الأزمات المتعددة، بحث المركز الدولي للدراسات الاستراتيجية والامنية والعسكرية. يانغ شيه بو، ٢٠٢٤، پەیجی:
https//ciessm.org؛
فرنسا: الصراع داخل الحزب الاشتراكي الحاكم بحث/٢٠١٤، پەیجی:
www.raya.org؛
اليسار الفرنسي تأريخه وأبرز احزابه (بحث) موسوعة الجزيرة، ٢٠٢٤، پەیجی:
www.aljazeera.net؛
الحزب الديمقراطي الاجتماعي السويدي (بحث) پەیجی:
www.enwikipedia.org؛
الاستفادة من تتالي سقوط الاشتراكيين الديمقراطيين في الانتخابات، ايريك بلانك، ترجمة: عروة درويش، بحثن تموز/٢٠٢٠، پەیجی:
https//kassionun.org.

ئەو بارودۆخە چەندین قەیرانی بەدوای خۆیدا هێناوە، ڕەنگە هۆیەکانی بەشێوەیەکی گشتی بۆ چەند هۆکارێک بگەڕێتەوە، وەک:

* سەرکەوتنی دیاردەی پۆپۆلیزم بە هەردوو ئاراستەی ڕاست و چەپ.

* نوشستی هێنانی ئەو هاوپەیمانەتیانەی پێکیان دەهێنا.

* پاشەکشەی ژیانی دیموکراسی ناوخۆیی حزبەکان.

**هۆیە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی قەیران و کێشەکان:**

١- پاشەکشەی ڕۆڵە نەریتییەکەی چینی کرێکار و گەشەکردنی ڕۆڵی خزمەتگوزارییە کەمدەرامەتەکان، ئەو دیاردەیەش بووە هۆی لاوازکردنی بنکە کۆمەڵایەتییە مێژووییەکەی حزب.

٢- هۆیە ئایدیۆلۆژییەکان و ئەو ڕێبازە سیاسییەی لە حوکمڕانیدا پیادە کراوە، لە دیاردەکانیشی وەچەرخانێکی فراوان بەرەو بازاڕی چینی ناوەڕاست، پیادەکردنی سیاسەتی دەستگرتنەوە و پەرپووتی ژیان لە ماوەی جیاوازدا، ئەو کار و هەنگاوانە بوونە هۆی لاواز بوونی ڕۆڵی حزب، هەروەها ڕەخنەی توندیش ئاراستە بکرێت لە چەپی ڕادیکال و ڕەوتی پۆپۆلیزمی ڕاستڕەوەکان.

٣- هۆیە سیاسی و یاساییەکان، لەو حاڵەتانەش سیستمەکانی هەڵبژاردن و کاریگەری ئەنجامەکانی بەسەر حزب، سەرکەوتنی چەندین پارتی ئاراستە ڕاستڕەوی توند، هەروەها

چەپە ڕادیکالەکان.

٤- هۆیە ڕێکخراوەییە ناوخۆییەکان پاشەکشەی جەماوەریی و ژمارەی ئەندامییەتی حزبەکان، کاڵبوونەوەی ژیانی دیموکراسی ناوخۆیی حزب، سەرنەکەوتن لە نوێبوونەوەی سەرکردایەتییەکان، خراپ بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەت.

**شێوازەکانی پەرەسەندنی قەیرانەکان:**

ئەو بارودۆخەی بەکورتی هۆکارەکانمان خستەڕوو لەناو حزبە سۆسیال دیموکراتەکان لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوو، بوونە هۆی دەرکەوتنی چەندین قەیران و کێشەی جۆراوجۆر، لێرەدا بەکورتی ئاماژەیان بۆ دەکەین:

١- قەیرانی شەرعییەت و شوناسی حزب.

٢- قەیرانی سەرکردایەتی.

٣- قەیران لەسەر ئاستی ئۆرگانەکانی خوارەوە و جەماوەر و هێـزە کۆمەلایەتی و سەندیکاکان، هەروەها پساندنی پەیوەندییەکان لەگەڵ سەرکردایەتی حزب.

٤- قەیرانی بەشداری کردن لە بەڕێوەبردنی کاروباری حوکمڕانی.

**دەرهاوێشتە و ئاکامەکانی ئەو قەیرانانە بەسەر حزب:**

١- وازهێنانی بەکۆمەڵ و جیابوونەوە لە حزب.

٢- سەرنەکەوتن لە هەلبژاردنە گشتییەکان و لاوازی

ئەنجامەکانی.

٣- ناسەقامگیری سیاسی و هەڵوێستی ڕاڕایی دەربارەی چەند بابەتێکی هەستیاری وەک (کۆچکردن، دۆخی ئابووری).

**شێواز و هەوڵەکانی چارەسەرکردنی قەیرانەکان:**

١- دیالۆگی ناوخۆیی و دامەزراوەیی ئەویش بە پێڕەوکردنی چەند ڕێگاو شێوازێک:

* ڕێکخستنی کۆنگرەی حزبی، یان چەند کۆبوونەوەیەکی نائاسایی دەربارەی ئەو قەیران و کێشانە.

* دەرگا کردنەوە لەبەردەم هەموو باڵ و ڕەوتەکانی ناو حزب، بۆ دەربڕینی بیرو ڕاو بۆچوونەکانیان بەشێوەیەکی ئازادانە.

* پەنابردن بۆ چەند شێوازێکی ناوبژیوانی و ئاشتبوونەوەی ناوخۆیی، بە مەبەستی نزیک کردنەوەی بیروڕا جیاوازەکان.

٢- بەهێزکردنی ڕۆڵ و پێگەی دیموکراسی ناوخۆیی حزب:

* ڕێزگرتن لە ئەنجامەکانی دەنگدان و کۆنگرە گشتییەکان، ئەگەر جیاوازیش بێت لەگەل بیروبۆچوونی چەند سەرکردایەتییەک.

* کارکردن بە بنەمای ئاڵوگۆڕکردنی ئەندامانی سەرکردایەتی و فراوان کردنی شێوازی بەشداری لە بڕیار وەرگرتن، هەروەها دوورکەوتنەوە لە پاوانکردنی دەسەڵات.

٣- ڕەفتاری لەبار و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوە جیاوازەکان، وەک بیروڕای جیاواز لە ئاست کێشەکان، ڕێگا پێدان بەبوونی

چەند ڕەوتێک (مینبەر) لە ناوخۆی حزب.

٤- شەفافیەت و لێپرسینەوە:

* ئاشکراکردنی هۆیەکانی قەیران بۆ جەماوەر و کادرانی حزب، نەک شاردنەوەیان، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی پەیدابوونی واتە وات و لەسەر زمانی خەڵکی بڵاوببێتەوە.

* لێپرسینەوە لەو سەرکردایەتیانەی بوونەتە هۆی خوڵقاندنی قەیران، هەروەها ئەگەر هۆیەکانی گەندەڵی و سەرپێچیش بوون لە ڕێباز و بنەماکانی حزب.

٥- چەند پلانێک بۆ سنوور دانان بۆ قەیرانەکان:

* پێکهێنانی لیژنەی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی قەیران، یان بۆ لێکۆلینەوە لە دیاردەی لادان لە دیسپلینی حزب.

* دەرفەت پێدان بۆ ئەوانەی دوورکەوتونەتەوە لە حزب کە بگەڕێنەوە بەشێوەی ئاشت بوونەوەو ڕێکەوتن.

٦- جەخت کردن لەسەر کێشە گرنگەکان:

* زیاتر گرنگی بە گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە لەسەر سیاسەت و بەرنامەکانی حزب بکرێت، نەک ناکۆکی و ململانێی نێوان کەس و سەرکردایەتییەکان.

* کێشە کۆمەڵایەتی و جەماوەری و کرێکارییەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی حزب گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەیان

لەسەر بکرێت، نەک ببەسترێنەوە بە کەسێک یاخود ئەندامێکی سەرکردایەتی.

٧- نوێبوونەوەو چاکسازی لە ئۆرگانەکانی حزب، بەتایبەتیش ئەنجومەنی سەرکردایەتی، کاربکرێت بۆ ئەوەی گەنج و خوێن و بیری نوێ بگەنە پلە باڵاکانی حزب.

# باسی شانزدەهەم
# دیاردەکانی گەندەڵی
# لەناو حزبی سۆسیال دیموکرات[١٦]:

**یەکەم/ هۆیەکان:**

سەرهەڵدانی دیاردەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی لەناو حزبەکانی سۆسیال دیموکرات هۆیەکانی زۆرن، دەکرێ لەچەند بوارێک کورتیان بکەینەوە:

---

١٦- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:
- الفساد الاداري والمالي وآثاره الاجتماعية والاقتصادية في بلدان مختارة، رسالة ماجستير، ايثار عبود كاظم، جامعة كربلاء، كلية الادارة والاقتصاد، سنة/٢٠٠٩ ؛ الفساد السياسي بفرنسا، ملفات مغلقة وأخرى مفتوحة، آذار-٢٠١٧، بحث، پەیجی:
www.aljazeera.net؛

الفساد الاداري والمالي، مجلة الدراسات التأريخية والحضارية، المجلد/٦، العدد/١٨، كانون الثاني/٢٠١٤، د. قاسم علوان سعيد، جامعة تكريت (بحث) ؛ الجوانب السياسية لأزمة فرنسا، د. توفيق اكندوس، المركز المصرفي للفكر والدراسات الاستراتيجية، ايار/٢٠٢٣،
https//ecss.com ؛

دور الحزب الاشتراكي الديمقراطي الالماني في السياسة الألمانية (١٩١٨-١٩١٩) ، د. حيدر شاكر، (بحث) ، پەیجی:
www.resear chgate.net؛

الفساد الحزبي وآثاره السياسية والاقتصادية في ايطاليا (١٩٩٠-٢٠٢٠) بحث: مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية، المجلد/٢، العدد/٢٠٢١/٤١، د.مصطفى حسين عبدالرزاق، جامعة واسط، د. نسرين فالح حسنن جامعة واسط، پەیجی:
https//Lark-ubwest-edu-iq.

**أ- هۆیە سیاسییەکان و نیشانەکانی:**

❊ گەورەبوونی دیاردەی بیروکراسییەت لەژیانی ناوخۆی حزب.

❊ دەستگرتن بەسەر دەسەلأت و درێژەپێدان بە حوکمڕانی.

❊ پێکهێنانی چەند هاوپەیمانییەتییەکی سیاسی بۆ بەرژەوەندی تایبەت.

**ب- هۆیە ڕێکخراوەیی و کارگێڕییەکان، وەک:**

❊ لاوازی لە پرۆسەی چاودێری و پشکنینی ناوخۆیی و لێپرسینەوە.

❊ دابەشکردنی داهات و دەرامەتی حزب بەشێوەیەکی ناشەفاف.

❊ چەقبەستوویی چالاکی ڕێکخراوەیی و مانەوەی هەمان سەرکردایەتییەکان.

**جـ- هۆیە کۆمەلأیەتی و ڕۆشنبیرییەکان لە نیشانەکانی:**

١- لاوازبوونی کلتوری شەفافیەت و لێپرسینەوە.

٢- پیادەکردنی سیاسەتی خزم خزمێنەو زاڵ بوونی دیاردەی ملکەچی بۆ تاکەکەس.

**د- هۆیە ئابوورییەکان، وەک:**

١- پشتبەستنی حزب بە یارمەتی و هاوکاری دەرەکی و هەندێ سەرچاوەی شاراوە.

٢- پێکدادانی بەرژەوەندییەکان، مامەڵەکردنی حزب یان سەرکردایەتی لەگەڵ پیاوانی سەرمایەدار و کەسایەتی کۆمەلأیەتی، دەستوەردانیان لە کاروباری حزب.

**هـ- هۆیە دەروونی و ڕەفتارییەکان، وەک:**

١- خواستی و چاوچنۆکی چەند کەسایەتییەک لە حزب بۆ بەرژەوەندییە خودییەکان.

٢- هەڵوەرینی بەها سۆسیالستی و دیموکراسییە ڕەسەنەکانی حزب.

**دووەم: هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی دیاردەکە، بەچەند ڕێگاو شێوازێک، وەک:**

**١- ئاگاداری خۆپارێزی، بەهۆی پەیڕەوکردنی چەند بنەمایەک:**

* بڕیاردان لەسەر پەیمانێکی دەستپاکی لەناو حزب، ئەو پەیمانە هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی واژۆی لەسەر بکەن، هەروەها کارکردن بە بنەماکانی شەفافییەت، وەک لێپرسینەوە لە بەکارنەهێنانی پلەو پایەی حزب بۆ بەرژەوەندی تایبەت.

* ئاشکراکردنی سامان و داهاتی دارایی، بەتایبەتی سەرکردایەتییە هەڵبژێردراوەکان، هەروەها ئەوانی بە کاروباری دارایی حزب هەڵدەستن.

* بوونی سیستمێکی دارایی ئەلیکترۆنی: پشتبەستن بە بەرنامەکانی بانکی لە کارکردن و بەکارهێنانی ئامێرە نوێیەکانی ژمێریاری و بەدواداچوون بۆ خەرجی و داهاتەکانی حزب.

**٢- چاودێری و بەدواداچوون بۆ ئاشکراکردنی دیاردەکانی گەندەڵی:**

❊ درووستکردنی لیژنەی چاودێری و بەدواداچوونی سەربەخۆ (لەناو حزب) بۆ ئەم مەبەستە وا پێویست دەکات لەلایەن کۆنگرەی گشتی حزبەوە لیژنەیەک هەڵبژێردرێت، مافی ووردبینی و لێکۆڵینەوەی بەدەستەوە بێت، ڕاسپاردەکانیان بۆ ئەندامانی کۆنگرە بەرز بکاتەوە.

❊ ووردبینی ساڵانە: ڕێککەوتن لەگەڵ نووسینگەیەکی ژمێریاری سەربەخۆ بۆ پێداچوونەوە بەکاروباری دارایی، پاشان ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی بە ڕوونی و بە تەواوی.

❊ ئەوانەی زانیاری لەسەر گەندەڵی کۆدەکەنەوە و دەیگەیەنێتە جێگای پێویست دەبێ پارێزراو بن، وا باشتریشە سندوقێکی تایبەت هەبێت بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان.

**٣– چارەسەرییەکان:**

❊ بوونی سیستمێکی حزبی ئاشکرا بۆ سزادان.

❊ ئاگادارکردنەوەی سەرەتایی بۆ سەرپێچییە ئاسانەکان.

❊ هەڵپەساردنی ئەندامییەتی ئەندامانی حزب، یان داماڵین (دابەزاندنیان) لە پلە و پایەی حزبی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

❊ دەرکردنی بە ئاشکرا بۆ ئەندامی سزادراو، بەڵام تەنها بۆ حاڵەتە گەورەکان، دەکرێ کێشەکان بگاتە دادگاش.

❊ بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی خولی دەربارەی ئەو کێشانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجامدراوە، هەروەها ڕاگەیاندنی ئەو ڕێکار

و بڕیارانەی دەرچوونە.

**٤- بونیاتنانی کەلتوری دەستپاکی بەڕێگای:**

* ڕاهێنان و ڕۆشنبیرکردنەوەی بەردەوام لەناو ڕێکخستنەکان.

* بەرنامەی سازدانی وۆرک شۆپ بە بەردەوامی، دەربارەی ڕەفتار و ئاکاری کاری حزبی و کارگێڕیی دیموکراسییانە.

* بەرنامەی تایبەت بە لادان و کادیرە نوێیەکان.

* سەرکردایەتی باڵای حزب، دەبێ پابەندبوونی ڕوون و ئاشکرای هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە پێشەنگ، واتە هەر سەرپێچی و لادانێک لەلایەن سەرکردایەتییەوە ئەوا سزاکەی دوو هەندە دەبێت.

**٥- کرانەوە بەسەر کۆمەڵگە:**

١- تێکەڵ بوونی کادر و ئەندامانی حزب لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

٢- ڕاگەیاندنەکانی حزب ڕوون و ئاشکرابن، بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی دارایی و کارگێڕیی دەربارەی چالاکییەکان و پێگەی حزب.

# پاشکۆ

# پاشکۆ

## پەیکەری ڕێکخراوەیی حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا[١٧]:

پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا (SPD) مێژووی دامەزراندنی بۆ سالأنی (شەستەکان) ی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە، بەشێوەیەکی فەرمی ساڵی (١٨٦٣) دامەزراوە.

**پەیکەری ڕێکخراوەیی:**

**١- کۆنگرەی گشتی حزب:**

کۆنگرەی فیدرالی (Bundes parteitag) بەرزترین ئەنجومەنی بڕیار بەدەستە، بەپێی پێڕەوی ناوخۆیی حزب دوو ساڵ جارێک کۆدەبێتەوە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی هەموو ڕێکخراوەکانی حزب لە ئەڵمانیا.

**٢- ئەنجومەنی جێبەجێکردنی فیدرالی:** Partei varstand:

ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی بالأیە لەلایەن کۆنگرەوە ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت.

---

١٧- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:
- پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا (SPD) سەرچاوەی پێشوو، پێرەوی ناوخۆی پارت/٢٠٠٢٥ ؛ پەیجی:
www.en.wikipedia.org.

**٣- مەکتەبی سیاسی:** Prasidium

ئەنجومەنێکی بچووککراوەی ئەنجومەنی جێبەجێکردنە، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانە.

**٤- لەسەر ئاستی هەرێمەکان:** Landesverbande

لەهەر ویلایەتێک (هەرێم) لقێکی حزب پێکدێت.

**٥- لەسەر ئاستی خۆجێیی:** Districts parts vereine

کە ئەم ڕێکخراوانە دەگرێتە خۆی:

أ- بازنە حزبییەکان (Bezirk/unterbezirke)، ئەو بازنانە لەسەر ئاستی شارە گەورەکان یان هەرێمەکان پێکدێت.

ب- لقە لاوەکییە خۆجێییەکان: (ortsvereine) بچووکترین یەکەی ڕێکخراوەییە لەسەر ئاستی گەڕەک یاخود شارۆچکەکان.

**٦-لە ڕێکخراوەکانی دیکە:**

*ڕێکخراوی لاوان

*ڕێکخراوی ژنان.

*ڕێکخراوە پیشەییەکان (کرێکاران- مامۆستایان- فەرمانبەران)

**٧-کوتلەی پەرلەمان (نوێنەرانی حزب لە پەرلەمان)**

## پەیکەری ڕێکخراوەیی حزبی سۆسیال دیموکراتی سوید[18]:

حزبی سۆسیال دیموکراتی سوید (SAP) ساڵی (١٨٨٩) لە شاری ستۆکهۆڵم دامەزراوە بە هاوکاری کۆمەڵێک کرێکاری سەندیکاکان و دەستپێشخەری هەر یەک: لەکارل هایلمار و ئۆگست پاڵم.

**یەپکەری ڕێکخراوەیی حزب بەم شێوەی خوارەوەیە:**

**١- کۆنگرەی گشتی حزب (Kongress):**

بەرزترین دەسەڵاتە لەناو حزب، ماوەی (٤) ساڵ جارێک دەبەسترێت، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی هەڵبژێردراو لە هەموو لق و کۆمیتە خۆجێییەکانی حزب لەسەر ئاستی شارەوانییەکان و هەرێمەکان.

لە کارەکانی کۆنگرە دانانی بەرنامەی سیاسی گشتی حزب، دەستنیشانکردنی ڕێبازی ئایدیۆلۆژی، هەروەها هەڵبژاردنی

---

١٨- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید، مێژوو، پرۆگرام، وەرگێرانی لە سویدیەوە: عوسمان حەمەڕەشید گۆران، مەکتەبی بیرو هۆشیاری، ی،ن،ک سلێمانی، ٢٠٠٨، چاپی (١) ؛ النظام الداخلي (stadgar) حزب العمال الاشتراكي الديمقراطي السويدي، موقع :

inform ationsverigese.

لیژنەی جێبەجێ کردنی ناوەندی.

**٢- لیژنەی جێبەجێکردنی ناوەندی:** parti styrelseh

ئەم لیژنەیە نوێنەرایەتی سەرکردایەتی حزب دەکات لەسەر ئاستی نیشتمانی، سەرپەرشتی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی حزب دەکات. پێکدێت لە: (سەرۆك، جێگری سەرۆك - ئەمینداری گشتی، چەند ئەندامێك. کاری ڕۆژانەی حزب بەڕێوە دەبات.

**٣- سەرۆکایەتی حزب:** prtiledaren

ڕابەرایەتی حزب دەکات لە ڕووی سیاسی و ڕێکخراوەیی، نوێنەرایەتی حزب دەکات لەناو پەرلەمان و لەبەردەم ڕاگەیاندنەکان، بەزۆری پاڵێوراوی حزب دەبێت بە سەرۆک وەزیرانی حکومەت.

**٤- لقی حزب لە هەرێمەکان:**

Distrik tsorganis tioner

ئەرکی ڕێکخستنی کاری حزبایەتییە لەسەر ئاستی هەرێمەکان، ژمارەیان ٢١ هەرێمە، پەیوەندی نێوان ناوەند و کۆمیتە خۆجێییەکان ڕێکدەخات، سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دەکات لە هەرێمەکان.

**٥- لق و کۆمیتە خۆجێیەکان:**

Arbetarekommuner

ئەو لق و کۆمیتانە لە (٢٩٠) شارەوانی لە شارەکانی

سوید بڵاوبوونەتەوە، بنکەی سەرەکی ڕێکخستنەکانی حزب پێکدەهێنن، بەهۆیەوە ئەندامان کۆدەبنەوە و ئاراستە دەکرێن.

**٦- ڕێکخراوەکانی سەر بە حزب:**

أ- ڕێکخراوی لاوانی سۆسیال دیموکرات (SSU)

ب- ڕێکخراوی ژنانی سۆسیال دیموکرات S-kvinnor

**٧- کوتلەی پەرلەمان:** Riks dagsgruppen

هەموو ئەندامانی پەرلەمان، سەر بە حزب دەگرێتەوە.

## پەیکەری ڕێکخراوەیی
## حزبی سۆسیالستی فەڕەنسا[١٩]:

ڕەگو ڕیشەی دامەزراندنی حزبی سۆسیالستی فەرەنسا بۆ ساڵی (١٩٠٥) دەگەڕێتەوە: کاتێ بەشێک بەناوی کرێکارانی فەڕەنسا لە ڕێکخراوی نێو نەتەوەیی SFIO دامەزرا، ئەویش بە تێکەڵ بوونی چەند ڕەوتێکی سۆسیالستی بۆ پێکهێنانی حزب ئەو حزبە بە زنجیرەیەکی کەرت بوون تێپەڕبووە.

**پەیکەری ڕێکخراوەیی حزب:**

**١- کۆنگرەی گشتی حزب:**

بەرزترین دەسەلاتە لەناو حزب، دوو ساڵ یان سێ ساڵ جارێک دەبەسترێ، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حزب لە هەموو ئۆرگانەکانی.

لە کۆنگرە بەرنامەی سیاسی حزب دیاری دەکرێت، سەرکردایەتی و ئەمینداری گشتی هەڵدەبژێردرێت.

**٢- ئەمینداری یەکەمی حزب:** premiersecretaire

ڕابەری سیاسی و ڕێکخراوەیی حزبە، نوێنەرایەتی حزب

---

١٩- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- پارتی سۆسیالستی فەرەنسا، بەشی پێڕەوی ناوخۆی پارت، سەرچاوەی پێشوو.

دەکات لەسەر ئاستی فەڕەنسا و دەرەوە، سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرە و ئەنجومەنی نیشتمانی دەکات.

**٣- ئەنجومەنی نیشتمانی:** Conceil National

ئەو ئەنجومەنە، وەک پەرلەمانی حزبە، نوێنەری هەموو هەرێمەکان (لە ڕێکخستنەکانی حزب) دەگرێتە خۆی، ساڵی چەند جارێک کۆدەبێتەوە بۆ بەدواداچوون بە سیاسەت و کارو چالاکییەکانی حزب.

**٤- نووسینگەی نیشتمانی (مەکتەبی سیاسی حزب)** Bureaw National

دەزگایەکی بچووکی جێبەجێکردن و سیاسی بنچینەییە، لە ژمارەیەک ئەندامانی سەرکردایەتی حزب پێکدێت، ئەرکی سەرپەرشتی کاروباری (ڕێکخستن، ڕاگەیاندن، پەیوەندییەکانی ڕۆژانەی حزبە.

**٥- ئەمینداریێتی نیشتمانی:** Secretariat National

ئەنجومەنێکی بچووکە، سەرپەرشتی هەموو بازنە و لیژنە پسپۆڕییەکانی حزب دەکات، وەک بوارەکانی: فێربوون و خوێندن، ئابووری، ژینگە، مافەکانی ژن .....

**٦- ڕێکخراوەکانی هەرێم و ناوچە خۆجێییەکان، پێکدێت لە:**

أ- ڕێکخراوەکان لە هەر هەرێمێک لەسەر ئاستی فیدرالی.

ب- بەشەکان بچووکترین یەکەی ڕێکخستن لەسەر ئاستی شار و گەڕەکە گەورەکان.

**٧- ڕێکخراوە پیشەییەکانی حزب:**

أ- یەکێتی لاوانی سۆسیالست.

ب- یەکێتی ژنان.

جـ- سەندیکا کرێکارییەکانی حزب.

## پەیکەری ڕێکخراوەیی
## حزبی کرێکارانی بەریتانیا[٢٠]:

مێژووی حزبی کرێکاران بۆ ساڵی (١٩٠٠) دەگەڕێتەوە، ئەویش کاتێ لە ناو پەرلەمانی بەریتانیا لیژنەیەک بۆ نوێنەرایەتی کردنی کرێکاران پێکهات، کە پاشان بووە ناوکەی درووستبوونی حزب، بەتێکەڵ بوونی چەند ڕێکخراوێکی دیکە لە دەرەوەی پەرلەمان، وەک: سەندیکای کرێکاران، کۆمەڵە سۆسیالیستییەکان، کۆمەڵەی فابیزم، یەکێتی مارکسییەکان، حزبی کاری سەربەخۆ، حزب ساڵی ١٩٢٤ بووە دووەم گەورەترین حزب لەسەر ئاستی بەریتانیا.

**پەیکەری ڕێکخراوەیی حزب:**

**یەکەم: ئاستە ڕێکخراوەییە سەرەکییەکان**

١- ئاستی نیشتمانی، کۆمیتەی ناوەندی حزب.

٢- ئاستی هەرێمایەتی: سێ لقی سەرەکی بوونیان هەیە، ئینگلتەرا، ئوسکوتلەندا، ویلز.

٣- ئاستی ناوچە خۆجێییەکان، لقەکانی حزب لە شارەکان، ڕێکخراوە لاوەکییەکان، سەندیکاکان، ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان.

---

٢٠- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- سیاسەت و حکومەت لە ئەوروپا، د. ئەحمەد نەقیب زادە، وەرگێر: میهرپەروەر، چاپی١، ٢٠٠٧، هەولێر، ل١٢٦.

**دووەم: ئەنجومەنە سەرکردایەتییە ناوەندییەکان.**

١- کۆنگرەی گشتی حزب (بەرزترین دەسەڵاتی حزبە، ساڵی جارێک دەبەسترێت).

٢- لیژنەی جێبەجێکردنی نیشتمانی (ئەنجومەنی باڵای کارگێڕی حزب).

٣- سەرۆکی حزب (ڕابەر).

٤- جێگری سەرۆک.

٥- ئەنجومەنی پەرلەمانتاران (نوێنەرانی حزب لە ئەنجومەنی گشتی پەرلەمانی بەریتانیا).

**سێیەم: ڕێکخراوەکانی حزب:**

١- سەندیکای کرێکاران.

٢- ڕێکخراوی ئافرەتان.

٣- ڕێکخراوی لاوان و خوێندکاران.

٤- ڕێکخراوە سۆسیالست دیموکراتەکانی ناو کۆمەڵە.

**چوارەم: ڕێکخستنی خۆجێی حزب:**

* لقی بازنەکانی هەڵبژاردن، ئەو لقە پاڵێوراوانی پەرلەمان دیاری دەکەن.

* لیژنە خۆجێییەکان (هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەڕێوە دەبەن).

* ئەندامی حزب.

**پێنجەم: دەزگای دارایی و کارگێڕی حزب لە ژێر چاودێری سەرۆکی حزب دەبێت.**

## هزری سۆسیال دیموکرات[٢١]:

چەمکێکی سیاسییە، نێوان بنەماکانی دیموکراسی و سۆسیالیزم کۆدەکاتەوە، ئامانجی بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتییە لە چوارچێوەی دیموکراسیدا.

سۆسیال دیموکرات، سیستمێکە بەهۆیەوە هاووڵاتی لە کۆمەڵگەدا سوودمەند دەبێت بەڕادەیەکی یەکسان لە نێوان هەموو ڕەگەزەکانی (دابەشکردن، بەرهەمهێنان، ئاڵوگۆڕکردن) ی دەرامەتەکان.

خاوەندارێتی، لەم بوارە لە میانەی سیستمێکی حوکمڕانی دیموکراسی دێتەدی، چونکە ئەو شێوە دیموکراسیەتە لە ڕێگەی سیستمێکی هەرەوەزی هاوبەش بەدیهاتووە، هەموو تاکێک لە کۆمەڵگە بەشێک لە دەرامەتەکانی کۆمەڵگەی بەردەکەوێت.

---

٢١- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:
- موسوعة السياسة، د. عبدالوهاب الكيالي، جزء/٢، بيروت/١٩٩٩، ص١٩٨؛ ئاشنابوون بە سۆسیال دیموکرات، وەرگێڕانی کارزان کاویس، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٨ ؛ سۆسیال دیموکرات، م. جەعفەر، سلێمانی/٢٠٠٧، ل٢٤ ؛ طريق التنمية ذات التوجه الاشتراكي، سمير أمين، بحث، مارس/٢٠٢٠، مركز دراسات الوحدة العربية، پەیجی:
https//caus-org؛
بحث عن الديمقراطية الاشتراكية، أحمد صابر، آب/٢٠٢٣، پەیجی:
https//mawdoo3.com.

**ڕەگ و ڕیشەی هزری سۆسیال دیموکرات:**

دەکرێ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم هزرە بگەڕێنینەوە بۆ:

**یەکەم: شۆڕشە پیشەسازییەکان و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی نۆزدەهەم:** ڕەگ و ڕیشەی سۆسیال دیموکرات بۆ دوو شۆڕشی گەورەی مێژوویی ئەوروپای خۆرئاوا مۆدێرن دەگەڕێتەوە.

**أ- شۆڕشی فەرەنسای ساڵی ١٧٨٩.**

ئەم شۆڕشە ڕێگای خۆشکرد بۆ ئەو بیروبۆچوونە سیاسیانەی سەرنجیان دەخستە سەر بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە نەک بەرژەوەندییەکانی پاشاو کڵێسە.

خەڵکی بوونە بناغەی سەروەری دەوڵەت و حکومەتی ناو ئەو دەوڵەتە، ئەم دۆخە توانای بە بزووتنەوە سیاسییەکانی وەک -لیبرالیزم- بەخشی کە گەشە بکەن و پاشان بیرۆکەی سوسیال دیموکراتی بەدوادا داهات.

**ب- شۆڕشی پیشەسازی:**

ئەم شۆڕشە لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا لە بەریتانیا سەری هەڵداو پاشان پەیتا پەیتا شوێنەکانی دیکەی ئەوروپای خۆرئاوای گرتەوە، ڕووداوەکە لە سەرەتادا گەشەسەندنێکی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ کرێکار و کاسبکاران، بەرژەوەندییەکانی ئەو چین و توێژانە (سیاسی و کۆمەڵایەتی)

کە بە شێوەیەکی فراوان پشتگوێ خرابوون، هەروەها ئەوان پێگەی کۆمەڵایەتیان نەبووە، لەبەر ئەوەی خاوەن زەوی و زار نەبوون، ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان لە بەردەستدا نەبووە، زانین و شارەزاییان زۆر لاواز بووە لە هەلومەرجێکی تەواو هەژاریدا دەژیان، مافی سیاسی و کاریگەرییەکانی هەست پێ نەکراو بوو.

**دووەم: ڕۆڵی بیرمەندان:**

سۆسیالیزم زۆر لەلایەن بیرمەندانی یەکسانخواز، بەتایبەتی لە وڵاتانی بەریتانیا و فەرەنسا پەرەی پێدراوە، بەڵام بنەما تێورییە کلاسیکییەکانی ئەو هزرە لە کارەکانی –کارل مارکس-ی ئەڵمانییەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەو هزرە بۆ چەندین ساڵ سنووردار بووە لەناو کیشوەری ئەوروپا، بەتایبەتی خۆرهەڵاتی ئەو کیشوەرە.

لەم بوارە هەوڵ دەدەین بیروباوەڕی چەند بیرمەندێکی دیار بخەینە ڕوو، کە کاریگەریان لەسەر گەشەکردنی هزری سۆسیال دیموکرات هەبووە.

**١- جورج سوریل:**

ئەو بیرمەندە ڕەخنەی لە هزری سۆسیالستی نەریتی گرتووە، بۆچوونی وابووە کە سۆسیالیزم بەهۆی چاکسازی پەرلەمانی نایێتەدی، بەڵکو لە ڕێگای خەباتی شۆڕشگێڕانە و بەشێوازە جیاوازیەکانییەوە، وەک مانگرتنی گشتی، بە بۆچوونی سوریل ئەو جۆرە خەباتە شۆڕشگێڕییە دەتوانێت جەماوەر بجولێنێت و گۆڕان بخولقێنێ، ئەو دژی بیرۆکەی چاکسازی بوو بە باوەڕی

خۆی ڕێبازی چاکسازی دەبێتە هۆی لاوازبوونی گیانی خەبات و تێکۆشانی چینی کرێکاران.

**٢- ئیدوارد بەرنشتاین:**

بەرنشتاین بەوە ناسراوە کە دامەزرێنەری ڕێبازی چاکسازی دیموکراسی کۆمەڵایەتییە، ڕەخنەی توندی لە بیرۆکەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی گرتووە، بەبۆچوونی ئەو گۆڕان بەرەو سۆسیالیزم دەکرێ بە شێوەیەکی لە سەرخۆ و بە شێوازی چاکسازی سیاسی دیموکراسی بێتەدی، نەک بەهۆی شۆڕشەوە.

بەرنشتاین بانگەوازی بۆ پێڕەوکردنی شێوازی دیموکراسی پەرلەمانی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، چاککردنی بارودۆخی ژیانی کرێکاران دەکرد، ئەویش لەناو خودی سیستمی سەرمایەداری نەک کارکردن بۆ ڕوخاندنی.

**٣- کارل کاوتسکی:**

بیروباوەڕەکانی کاوتسکی دەکەوێتە نێوان هەردوو بیرمەند (سوریل و بەرنشتاین)، کاوتسکی بەرگری لە سۆسیالستی مارکس نەریتی دەکرد، بەڵام بە شێوازێکی دیموکراسی بێتەدی، بۆچوونی وابوو کە دەکرێ چینی کرێکار بگاتە دەسەڵات بە ڕێگای سیستمی دیموکراسی و هەڵبژاردنەکان.

## ڕێکخراوی سۆسیال ئینتەرناسیونال

ئەم ڕێکخراوە بزووتنەوەیەکی نێودەوڵەتیی سۆسیالستی دیموکراتی فراوانە، لە کۆمەڵێک پارت و ڕێکخراوی سیاسی خاوەن دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن پێکهاتووە، بە هەموو ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکانەوە کار بۆ بەدیهێنانی بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئاشتی جیهانی دەکات، گرنگی بە ئازادیی و پرەنسیپەکانی دەدات، هەوڵی بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و هاوبەندی کۆمەڵایەتی دەکات.

لەگەڵ ئەوانەش ڕێکخراوی سۆسیال ئینتەرناسیۆنال ئامانجی سەرەکی بەدیهێنانی ئارامی و ئاشتی جیهانە کە لە سایەیدا هەموو دەوڵەت و هەرێمەکان لە بارودۆخێکی سەقامگیری سیاسیدا دەبن.

هەروەها هەوڵ دەدات کە ڕاوبۆچوونی سیاسی هاوبەش و هەمەلایەن لە نێوان هەموو ئەندامانی ناو ڕێکخراوەکە بێتە ئاراوە، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی و دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی هەموو پێشهات و ئەگەرێک کە وا لە داهاتوودا بێتە پێشەوە.

لە سایەی خەباتی زۆری ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە لە زۆربەی ناوچە و هەرێمەکانی جیهان، زۆر لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە لە

هەرەمی دەسەڵاتی سیاسیدان و توانیویانە پێگەیەکی فراوان و تۆکمە لە نێو هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگاکانی خۆیان درووست بکەن کە هەمیشە وەک هێز و لایەنی ڕۆڵگێڕ و ئەلتەرناتیفی قۆناغە چارەنووسسازەکان بژمێردرێن، هەروەها بەشێکی دیکەی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە وەک ئۆپۆزسیۆن کار و خەباتی خۆیان ئەنجام دەدەن لە پێناو ئامانجی سیاسی و دیموکراسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری.

## دامەزراندنی سۆسیال ئینتەرناسیونال

ئەم ڕێکخراوە لە (١٨٩٤) دامەزراوە لە (١٩٣٣) کۆنفرانسی حزبە سۆسیالیستە ئینتەرناسیونالەکان لە شاری پاریس بەستراوە، لەو کۆنفرانسەدا ڕێکخراوی سۆسیال ئینتەرناسیونال کەوتە قۆناغێکی دیکە و دەستکاری پەیڕەو و پێکهاتەی ڕێکخراوەکە کراوە، چەند حزب و لایەنی سیاسی لە وڵاتانی ئەوروپا و کیشوەرەکانی دیکە بوونە ئەندامی، دواتر بەهۆی بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانییەوە تا سالی (١٩٤٧) هیچ کۆنگرە و کۆنفرانسی دیکەی نەبەست.

لە ساڵی (١٩٦١) لە شاری لەندەن جارێکی دیکە کۆنگرەیەکی فراوانی حزب و لایەنە سۆسیالیستەکان بەستراو جارێکی دیکە دەستکاری پێکهاتەی ڕێکخراوەیی خۆی کرد، پاشان لە هەمان ساڵ و لە کۆنفرانسی – فرانکفۆرت - هەندێک گۆڕانی تازەی لە پێکهاتەکەی خۆیدا ئەنجامدا.

ئیتر هەر لەو ساڵە بەدواوە بەشێوەیەکی فراوان چالاکییەکانی گەشەی کردووە، ژمارەی ئەندامانی زیادی کردووە، ڕێکخراوەکە لە مانگی تشرینی دووەمی (١٩٥١) تا مانگی تشرینی دووەمی (٢٠٢٢) ژمارەی (٢٦) کۆنگرەی بەستووە، ژمارەی ئەندامانی گەیشتە (١٦٣) ئەندام لە حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەموو کیشوەرەکان.

**خەسڵەتە ئەرێنییەکانی دیموکراسی سۆسیالستی:**

١- بەشداربوونی جەماوەر لە دروستکردنی بڕیار و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی حکومەت.

٢- دابەشکردنێکی دادپەروەرانە بۆ سامان و دەرامەتەکان.

٣- کەمبوونەوەی جیاوازییە چینایەتییەکان بەهۆی دروستبوونی هەستی خاوەندارییەتی کۆمەڵگە بۆ سامانەکانی وڵات.

٤- ئابوورییەکی تێکەڵاو لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، لەگەڵ ڕۆڵی کۆمەڵە و ڕێکخراوە هەرەوەزییەکان.

٥- ڕێکخستنی ئابووریی وڵات بەو شێوەی کە زیاتر لەبەرژەوەندی گشتیدا بێت، لەگەڵ پشتبەستن بە توانا زانستی و تەکنیکییەکان.

٦- سەقامگیری سیاسی لە وڵات، بەهۆی حزبی دەسەڵاتدارەوە.

٧- نەمانی مەترسی لە سەر نرخی کاڵاو پێداویستییەکان، بە چاودێری کردنی ئۆرگانەکانی خزمەتگوزاری لەم بارەوە.

٨- دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە دیموکراسییەکان.

٩- هەوڵی گەشەپێدانی بەردەوام لە ڕێگەی بایەخدان بە ژێرخانی کۆمەڵگە.

١٠- هاندەرە ئابوورییەکان بۆ تاک، هەروەها پەرەپێدان بە ڕۆڵی کۆمەڵ و سەندیکای کرێکاران، بۆ بەدیهێنانی ئامانجە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان.

١١- پابەند بوون بە سیستمی دیموکراسی نوێنەرایەتی.

١٢- بەشداریکردن لە داهێنان و دەستپێشخەری و دیاردە کارامەییەکان.

**کەم و کورتی و لایەنە نەرێنییەکانی ئەو هزرە:**

سەرەڕای لایەنە ئەرێنییە بەهێزەکانی، هزری سۆسیال دیموکرات، بەڵام لەلایەن بەشێک لە بیرمەندان ڕەخنەی زۆر ئاراستەی ئەم هزرە دەکرێت، وەك:

١- لاوازی هاندانی تاک بۆ بەرهەمهێنان و لاوازی دەستپێشخەری و داهێنان.

٢- دژواری هاوسەنگی کردن لە نێوان یەکسانی و ئازادی.

٣- ئەگەری لادان بەرەو سیستمی سەرمایەداری.

٤- پشت بەستن بە دۆخێک لە سەقامگیری سیاسی و دامەزراوە بەهێزەکان.

٥- پەرەسەندنی دیاردەی بیروکراسیەت لە کاروباری دامەزراوەکان.

٦- تەشەنەکردنی گەندەڵی سیاسی و دارایی.

٧- زۆربوونی ئاستی خەرجی حکومەت.

٨- کەمبوونەوەی دەرفەتەکانی کارکردن.

٩- پاشەکشەی ئازادییەکانی تاک و مافەکانی مرۆڤ.

١٠- دەستتێوەردانی دەسەڵات لە کاروباری ئابووری.

١١- سەرهەڵدانی دیاردەکانی هەڵاوسان و دارمانی ئابووری.

## سۆسیال دیموکراسی لە سەردەمی نوێدا[٢٢]:

پاش هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤیەت لە ١٩٩١، هەروەها بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی بەدوای خۆیدا هێنا، دەکرێ بەم چەند خاڵەی خوارەوە دۆخی هزری سۆسیال دیموکرات و سیستمە سۆسیال دیموکراتەکان ڕوون بکەینەوە:

١- پاشەکشەی گرنگی هێزی ئایدیۆلۆژیا و هزری سۆسیالیستی لەسەر ئاستی جیهان.

٢- گۆڕان بەرەو بیرۆکەی (ڕێگای سێیەم) لە میانەی ئەو بیرۆکەیە چەند ڕێبازێکی سیاسی وەک: گرنگیدان بە بازاڕی ئازاد، دادپەروەری کۆمەڵایەتی پیادەکراوە.

٣- پاشەکشە و لاواز بوونی ڕۆڵی سەندیکای کرێکاران، کە بەیەک لە بنچینەکانی هزری سیستمی سۆسیال دیموکرات دادەنرێت.

---

٢٢- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

موسوعة السياسة، د. عبدالوهاب الكياني، جزء٢، سەرچاوەی پێشوو، ص١٩٨؛ طريق التنمية ذات التوجه الاشتراكي، سمير امين بحث، ٢٠٢٠ مركز دراسات الوحدة العربية ، پەیجی:

https//caus.org؛

بحث عن الديمقراطية الاشتراكية، احمد صابر، 2023

https//maudoo3.com؛

ڕێبازی سێیەم، ئەنتونی گیدنز، وەرگێڕانی جەنگبز شکاک، هەولێر، 2022، ص18- 31.

٤- هەڵکشان و سەرکەوتنی دیاردەی جیهانگیری و هزری لیبرالیزمی ئابووری.

٥- جەخت کردنەوە لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ژینگە، مافەکانی مرۆڤ.

٦- پاشەکشەی کارتێکردنی جەماوەری لە چەند دەوڵەتێکی سۆسیال دیموکرات، بۆ بەرژەوەندی حزبە ڕاستڕەو و ئاراستە پۆپۆلیزمەکان.

**خۆگونجاندن و پەرەپێدان:**

حزب و لایەنەکانی (سۆسیال دیموکرات) لە جیاتی پابەند بوون بە شێوازی ناوەندێتی (کە لە یەکێتیی سۆڤیەت پیادە کرابوو) لەسەر ئاستی سیاسی و حزبی و ئابووریدا، دەستیان کرد بە تێکەڵ کردنی هەندێک شێواز و ڕەگەزی سەرمایەداری لە بەرنامەکانیان، لەهەمان کاتدا هەوڵیاندا پارێزگاری لەو ئامانجانە بکەن کە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کاری دەکرد.

دیارە ئەو ئاراستەیە بۆ چاکسازی لەناو سیستمە سەرمایەدارییەکان ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنێکی نوێ بوو بۆ سۆسیالیزم، کە باشتر و زیاتر لەباربێت لەگەڵ بەهاکانی دیموکراسییەت و بنەماکانی لیبرالیزم.

لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا (نموونەی ئەڵمانیا و دەوڵەتانی ئەسکەندەنافیا) حزبە سۆسیالستە دیموکراسییەکان توانیویانە هاوسەنگییەکی سەرکەوتووانە بەدی بهێنن لە نێوان ئابووریی

بازاڕ و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەم جۆرە ئابوورییە کە ناسراوە بە ئابووریی بازاڕی کۆمەڵایەتی بووە بە نموونەیەکی پێشەنگ، تاکەکانی کۆمەڵگە بەهۆیەوە دەبنە خاوەن ئازادییەکی ئابووری لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەی کە لەهەمان کاتدا مافەکانی کرێکار دەپارێزێت هەروەها ئاستێکی باش لە ژیان بۆ هەموو لایەک دابین دەکات.

**بەکورتی هزری سۆسیال دیموکرات لەم سەردەمە گرنگی بەم بوارانە داوە:**

١- بابەتی جیهانگیری (Globalism) و ژینگە و مافەکانی مرۆڤ.

٢- بایەخدان بە چارەسەرکردنی قەیرانە ئابووری و داراییەکان.

٣- هەڵکشان و بەهێزبوونی دیاردەی پۆپۆلیزمی ڕاستڕەو، لە ژمارەیەک وڵاتانی ئەمریکا و کیشوەری ئەوروپا، ئەم دیاردەیە بەرەنگارییەکی گەورەی بۆ حزبە سۆسیال دیموکراتەکان دروست کرد.

٤- بایەخدان بە سیاسەتی مامەڵەکردن لە ئاست دیاردە ژینگەییەکان و کێشەکانی دیکەی وڵات.

٥- هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن لەگەڵ کاریگەرییەکانی تەکنەلۆژیا بەسەر بازاڕەکانی کار، هەروەها بابەتەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی کرێکاران.

# سەرچاوەکان

١- موسوعة السياسة، اشراف د. عبدالوهاب الكيالي، الاجزاء/٢-٣، بيروت/١٩٩٣ز.

٢- في الكادر، ديمتروف، ترجمة خالد سلام، مكتبة الشيوعيين العرب، ٢٠١٨.

٣- الاحزاب السياسية، موريس ديفرجيه، ترجمة علي مقلد، عبدالمحسن سعد، الهيئة العامة لقصور الثقافة، القاهرة.

٤-أشكال الادارة الانتخابية (دليل المؤسسات الدولية للديمقراطية والانتخابات) آلان ول وآخرون، ترجمة: ايمن أيوب، ٢٠٠٦، رام الله.

٥- أزمة الديمقراطية في الاحزاب المصرية، د. وحيد عبدالمجيد، الهيئة المصرية للكتاب، ٢٠٠٧.

٦- الديمقراطية داخل الاحزاب في البلدان العربية، أعداد علي خليفة الكواري، مركز دراسات الوحدة العربية، ط/١، ٢٠٠٤، بيروت..

٧- من الثورة الى التحالف (الاحزاب اليسارية في اوروبا) بيرغريت وآخرون، ترجمة: عباب مراد، الهام عبداروس، مؤسسة روزا لكسمبورغ، مكتب شمال افريقيا، ط/١، ٢٠١٤.

٨- ئاشنابوون بە سۆسیال دیموکرات، وەرگێڕانی کارزان کاویس، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٩-- سیاسەت و حکومەت لە یەکێتی ئەوروپا، نیل موگینت، وەرگێڕانی عەلی میهر پەروەر، چاپی/١، ٢٠١٢، هەولێر.

١٠- سیاسەت و حکومەت لە ئەوروپا، د. ئەحمەد نەقیب زادە، وەرگێڕ: میهرپەروەر، چاپی١، ٢٠٠٧، هەولێر.

١١- پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید، وەرگێڕانی عوسمان حەمە گورون، مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک) سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٢- پرەنسیپی گروپەکانی کار لە حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا، وەرگێڕانی جەمیلە شێخ مەحمود، مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک) ٢٠٢٢، سلێمانی.

١٣- پارتی سۆسیال دیموکراتی فەرەنسا، بەرزان فەرەج، مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک) سلێمانی، ٢٠١٢.

١٤- ڕێبازی سێیەم، ئەنتونی گیدنز، وەرگێڕانی: جەنگیز شکاك، هەولێر، ٢٠٢٢.

١٥- سەرهەڵدان و بەردەوامی حزبە سیاسییەکان لە ڕۆژئاوادا، د. حوجەتوڵڵا ئەیوبی، وەرگێڕانی ئازاد وەلەد بەگی، دەزگای موکریان- هەولێر، ٢٠٠٧.

١٦- استخدام الاحزاب السیاسیة للصحافة في التأثیر على الرأي العام، فضلون آمال، جامعة باجي مختار، عنابة- الجزائر، رسالة ماجستیر.

١٧- الفساد الاداري والمالي وآثاره الأجتماعیة والاقتصادیة في بلدان مختارة، أیثار عبود کاظم، جامعة کربلاء، کلیة الادارة

والاقتصاد، ٢٠٠٩، رسالة ماجستير.

١٨- پێڕەوی ناوخۆیی پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا، (SPD ).

١٩- - النظام الداخلي، stadgear حزب العمال الاشتراكي الديمقراطي السويدي.

٢٠- پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید، بەشی پرۆگرام، وەرگێڕانی لە سویدییەوە عوسمان حەمەگورون، مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک) سلێمانی، ٢٠٠٨.

٢١- پێڕەوی ناوخۆیی پارتی سۆسیالستی فەڕەنسا- مەکتەبی بیرو هۆشیاری/ ٢٠٠٨.

٢٢- بناء الاحزاب واشكالية الألتزام الحزبي - توران أحمد - منتدى البدائل العربي للدراسات ، القاهرة / ٢٠١٨.

٢٣- الاشتراكية العمالية في بريطانيا - الطريق إلى البلدية - حازم صاغية، پەیجی:

www.britannica.com

٢٤- اليات تفعيل الشباب في المشاركة السياسية - آية عبدالله أحمد – المركز الديمقراطي العربي / ٢٠١٤، پەیجی:

www.democratsica.de

٢٥- مبادئ وممارسات للاحزاب السياسية في مجال أشراك الشباب . المركز الديمقراطي العربي (NPI) راين كينان و آخرون:

www.agora-parl.ag

٢٦- خصائص النظام الحزبي والتحديات التي تواجه الديمقراطية،

أعداد دانيه هانز– جامعة اوك فورد (كورتكراوه‌ به‌ زمانی عه‌ره‌بی).
.www.link.springer.com

٢٧- الديمقراطية الاجتماعية (الاقتصاد الاجتماعي) مؤسسة فريدرش البيرت، قسم الاكاديمية السياسية، الأردن، ٢٠١٧ .

٢٨- الاحزاب السياسية في السياسات العامة. الديمقراطية التشاركية ( NDI) . المعهد الديمقراطي الوطني للشؤون الدولية،
www. taalawsharek . org

٢٩- ادارة وتمثيل الحزب، مركز أولف بالمه. ستوكهولم /٢٠١٠،
www.palme center-se

٣٠- الاحزاب السياسية ومؤسسات المجتمع المدني - ترجمة دارا حريق – په‌یجی:
www.gulan media.com

٣١- في تأهيل الكوادر الحزبية - مركز الجبهة الوطنية للدراسات – په‌یجی:
www.jabha studies.com

٣٢- دور الأحزاب السياسية في صنع السياسات العامة. أحمد خميس، مصطفى أحمد المركز الديمقراطي العربي / ٢٠٢٢، په‌یجی:
www.democraticae-de

٣٣- الاحزاب السياسية والمنظمات الجماهيرية - محمد الحنفي- آذار ٢٠٠٥ - سايت الحوار المتمدن (بحث)،
www.ahewar.org

٣٤- أزمات الحزب الاشتراكي الالماني - أخطاء وابتعاد عن الحلقات الداخلية. شادي عاكوم، برلين / ٢٠١٨ – پەیجی:

www.alaraby.com

٣٥- مآزاق وآفاق الديمقراطية الاجتماعية الاوروبية في ظل الازمات المتعددة، المركز الدولي للدراسات الاستراتيجية الأمنية العسكرية - يانغ شيه يو ٢٠٢٤، پەیجی:

www.ciessm-org

٣٦- الحزب الديمقراطي الاجتماعي السويدي (بحث)،

en.wikipedia.org

٣٧- فرنسا الصراع داخل الحزب الاشتراكي الحاكم / ٢٠١٤، پەیجی:

www.raya.com

٣٨- الاستفادة من تتالي سقوط الاشتراكيين الديمقراطيين في الانتخابات. ايريك بلانك - ترجمة عروة درويش - تموز / ٢٠٢٠، پەیجی:

www.kassion uh-org

٣٩- الفساد السياسي بفرنسا، ملفات مغلقة واخرى مفتوحة، ٢٠١٧، پەیجی:

. www.aljazeera.net

٤٠- دور الحزب الاشتراكي الديمقراطي الألماني في السياسة الالمانية - د. حيدر صبري شاكر، پەیجی:

www.researchgete net

٤١- طريق التنمية ذات التوجه الأشتراكي - سيد أمين - مركز دراسات الوحدة العربية ، پەیجی:

www.calls-org

٤٢- بحث عن الديمقراطية الاشتراكية، أحمد صابر، ٢٠٠٣، پەیجی:

www.mandooٰ٣ .com

٤٣- الرقابة على مصادر تمويل الأحزاب السياسية، شجن فالح حسين، كلية القانون جامعه الميسان، مجلة دراسات البصره، العدد ٣٢، ٢٠١٩.

٤٤- مجلة لارک للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية - المجلد/٢، العدد/٤١ سنة٢٠٢١ الفساد الحزبي وآثاره السياسية والاقتصادية في أيطاليا - د. مصطفى حسين حسين عبد الرزاق، جامعة واسط. د. نسرين فالح - جامعة واسط.

٤٥- مجلة البحوث الفقهية والقانونية، العدد/٤٥، نيسان/٢٠٢٤، دور الدولة والاحزاب في التنشئة الثقافية السياسية. د. أحمد ابراهيم أحمد،

٤٦- الفساد الاداري والمالي، قاسم علوان سعيد، جامعة تكريت، مجلة الدراسات التأريخية والحضارية، المجلد/٦، العدد/١٨، كانون الثاني/٢٠١٤،

٤٧- الجوانب السياسية لأزمة فرنسا، د. توفيق اكندوس، المركز المعرفي للفكر والدراسات الاستراتيجية، ايار/٢٠٢٣.

٤٨- موسوعة السياسة، جزء١، اشراف، د. عبدالوهاب الكيالى،

ط٤، ١٩٩٩ بيروت.

٤٩- موسوعة عالم السياسة جزء١٦، اسعد مفرح، دار نوبلس، بيروت، ط٢، ٢٠١١.

٥٠- ڕێگای سێیەم، ئەنتونی گیدنز، وەرگێڕانی: جەنگیز شكاك، هەولێر، ٢٠١١.

٥١- أثر البنى والتكوينات الاجتماعية على الاحزاب السياسية، دراسة نظرية، زيد فهيم، د. محمد جمال حديثة، الجامعة الاردنية، مجلة الزرقاء، والبحوث والدراسات الأنسانية، المجلد ٢٥، العدد ٣، ٢٠٢٥.

٥٢- الموسوعة البريطانية المحدودة، الأشتراكية الديمقراطية، التعريف الشـرح الامثلة (بحث):

WWW.BRI TANNNOCA.COM